شۆنی ئاستەقینەی فەلسەفە شەقامەیان زانکۆ؟- بەشی چوارەمی ئایا ئەمە فیلەسوفمان هەیە؟-.. ئازاد حەمە

ستیفن هاوکینگ لەناو بازاڕ دروستنابێت

بەشی چوارەمی ئایا ئەمە فیلەسوفمان هەیە؟

فەلسەفەکردن لە شەقام

شەقام، شۆنێکی گشتییە، ئەو فەزاییەی، کە هەموان بە گشت جیاوازییەکانەوە لە خۆدەگرێت. لەووی مەژووییشەوە لە شەقامدا هەردەم کێس جوڵەنراوە و سوود لە ووبەرکەی بە وتنی نەخرێر یان بڕە وەرگیراوە. بڕەام شەقام بە لایەن نییە؛ هەزی سیاسی چاوی لەسەریەتی و سەرلەبەری شەقامیش نە ئازادە و نە سەربەخۆ.
بائەوەشمان بیرنەچێت، کە شەقام(گڕەپانی ئاگەرAgoral) شۆنێکەی فەلسەفەیە، لەوڕا فەلسەفەی شەقام هاتەدونیاوە و زەر شتی هەنووکەییش وروژێنرا و گفتوگۆی لەسەر کراوە؛ دادپەروەری، جەنگ و تادەگاتە بابەتی ڕاستی و باشە و خراپە. مەژووی فەلسەفەش دەمەکە ئەوەی پڕاگەیاندووین، شەقام ئەو پانتاییە جەماوەرییە، فەلسەفە پەویستیپێیە. سوکراتیش لە شەقام فەلسەفەی دەستپێکرد و هەر ئەوەش بوو کردییە فیلەسوفی فیلەسوفەکان. هەرچی ئەمەین نە شەقام و نەش هەڵەکانی زانکۆکان توانیان هاوکارمانبن فەلسەفە وەک پەتا بڕاوبکەینەوە.
هەر لەم سەنگەیەوە ئەوەش دەڵێین: فیلەسوف، کە دەتە شەقام، بەدەنییایەوە دەبەت ئەوە لە سوکراتەوە فێربووبێت چۆن دەفەلسەفەنێت، چۆن پەیوەندی خۆی لەگڵ گشت لەوڕا ڕەکدەخات. هەر فیلەسوف دەکارێت ئەو پرسیارەش بجوڵێنێت، کە کێ خاوەنی شەقامەیان شەقامی بەدەستەوەیە؟
فەلسەفەکردن لە شەقام سەرلەشێواوی نییە، فەلسەفەش بڵاڵنابات؛ ئەمە بەشداریپێکردنێکی مەدەنییانەیە. بگرە ئەمە دەرچەیەکیترە بە داکێکیکردن لە فەلسەفە و جەختکردنیشە لە ویست بە فەلسەفە؛ ئەو ویستەی فەلسەفە وەک پەویستییەک نمایشدەکات.

فەلسەفە بەخێی شتێکی سەرپێ و هەڵەمەکی نییە؛ فەلسەفەکاریش بۆئەوەی لە شەقام دا فەلسەفە بکات دەبێت پێشوەختە هەندێک کارزانی و لێهاتوویی لە خۆیدا نیشونما پێدابێت. ئەو کارزانی و لێهاتوویییە پێشوەختەیە هاوکارییدەبێت لەزان بێت لە چۆنیەتی وروژاندنی پرسیار و دەزینەوەی وەڵام.
هەر لە شەقامدا، لەو حاڵەتەی فەلسەفەی تیادەکرێت، زمانیش جێگایسەرنجە. شەقام زمانی خۆی هەیە. کەواتە فەلسەفە پێویستی بەوە دەبێت زمانێک بەخێی لەوێدا داتاشرێت. ئەم زمانەش وا لە گەرووی ئەو شارەزایە لە فەلسەفە، کە دەتە شەقام بە هەناوگەی خەڵک.
چەمکسازییە فەلسەفییەکان لە شەقامدا دیوی تر وەردەگرن. ئەم شوێنە وەک نەوەندی ئەکادەمیی نییە؛ لەبەرئەوە زەمینەسازییەکانی فەلسەفە لەرە ئامانجی تر دەپێکرێت تا هزر لەناو بازاڕ جێگا بەخێی بگرێت.
کەواتە دەپرسین: کوە شوێنی ئاستەقینەی فەلسەفەیە؟ نەوەندی ئەکادەمیی هەروەک شەقام دەکارێت بیری فەلسەفیی بجوڵێنێت و پرسیارسازی خۆی دروستبکات. هەنگاوە زۆرەک پێیانوابێت شەقام ئاستی فەلسەفە دەنزمێتە خوارەوە. ئاستە فەلسەفە زمانی تایبەتی خۆی هەیە و ناشێت بەشەقامکرێت، بەڵام بردنی فەلسەفە لە زانکۆوە بە شەقام لەزانی دەوێت و کەسی فەلسەفەکار دەبێت بزانێت چۆن فەلسەفە لە خەڵک نزیکدەکاتەوە و خۆشویستیشیدەکات. هەندێکیش پێیانوایە فەلسەفە لەناو شەقامدا نیشونمادەکات، لەوە لە خەم و پەژارەیی خەڵک حاڵیدەبێت.
ئەی زانکۆ شوێنێک نییە بۆ دروستکردنی پرسیار؟ بیرکردنەوە؟ باشە کە لە زانکۆدا ئەمە بکات؟ زانکۆ بە فەلسەفە هەجگار پێویستە. ئەوە تەئامان دەخاتە دەخێکی دەدەنکانەوە؛ تووڕەییەکانی سەلیقەیی گەمانەبوون بەخۆدەبینن و قاڵبوونەوە دەستپێدەکات. لەسەر ئەوەش وەستاوە کە لە زانکۆ فێربوونی فەلسەفە دەدات و بەناو پێچاوپێچی و خواری هزرماندەبات و تەرامانی فەلسەفیی لە پەژمارین و سیسبوون دەپارێزێت. کەواتە زانکۆ، نەک شەقام، شوێنی گەینی وێنەیە لەسەر فەلسەفەسازیی وەک ئەرکێکی هزریی و دەرفەتیش لەبەردەم فێربوونی فەلسەفەدا دەکاتەوە.
ئەوەی لە شەقام فەلسەفە دەکات، بەدنیاییەوە پێویستە پاشخانێکی چاکی ئەکادەمیی هەبێت و ئاشناش بێت بە مێژووی فەلسەفە. ئەم، کە لەوە فەلسەفە دەکات، دەزانێت ئەرە شەقامە هەڵەکانی زانکۆ نییە. ئەوەی لە زانکۆوە دێت بۆ فەلسەفەکردن لە شەقام ئەزموونی فەلسەفەسازی و بیرکردنەوەی هەیە؛ بۆیە بۆ ئەو یەکێک لە ئامانجەکانی فەلسەفەکردن لە شەقام هەر پارچەپارچەکردنی پرسیارە فەلسەفییەکانی فەیلەسوفە مەزنەکان نییە چۆنیەتی کرانەوەش بەووی

پرسیارە سادە و خەڕا ڕەزانەییەکانی هاوڕاتیاندا.
لە گۆشەنیگای زۆربەک لە خەڵکی شۆڕشگێڕ(خەڵکی عەوام)، تەنانەت ئەکادیمیش، پێیانوایە، کاتێک نووسینەکی، یان کتێبێکی، فەلسەفیی دەخوێنرێوە سەریانزاندەکات. ئەم سەرە دەبەت چ سەرێک بێت بە خوێندنەوەی شتی فەلسەفیی ژانکات! ناواخنە سەرنجڕاکێشەکەی نووسینی فەلسەفیی ئاوایە، کە سەرئێشە ناهێنێت، کەچی ئەمان وەک سەرچاوەی سەرئێشە تەماشایدەکەن. فەلسەفە لەگەڵ دەرکەوتنیدا چارەسەری لەگەڵ خۆیدا هێناوە، هەر لەبەر ئەوە زوو خەسڵەتی چارەسەرسازی تێدا دەرکەت.
حەیف لە دەم و کاتێکدا گفتوگۆ لەبارەی جۆگرافیەکە بە فەلسەفەکردن دەنینە پێشەوە، کە زانستگەرایی و زانینی پزیتیڤیستی زاڵ بەسەر بیرکردنەوە و ئاوەژوو لە هەندێک ناوەوە هەرێشە بەسەر فەلسەفە و تاوانبارکردنی بەوەی، کە فەلسەفە ئیدی دادمان نادا و بێشکێشە لە بیرکردنەوەی وێنەیی و مێتافیزیکیی. واتە ئەم دەمەی ئێستا فەلسەفە کاتێکانی تیا بەسەردەبات دەمی زیرەکی دەستکردە، ئەگەرچی دەمی زیرەکی دەستکرد فەلسەفەی تایبەت بەخۆی دەنێتەکایەوە، لە ئەم دەمە دەمەکیشە بە ئاسانی لەگەڵ فەلسەفەدا لە کارلێک نابێت.

شۆڕشی سەردەمی زیرەکی دەستکرد شۆڕشێکی بە فەلسەفە نییە

بۆئەوەی شۆڕشی سەردەمی زیرەکی دەستکرد وەک شۆڕشێکی بە فەلسەفە نەبینیین بە چاکی دەزانین بە دوو پرسیار سەرەتای ئەم لێکۆڵینەوە: هاتنی تەوژمی زیرەکی دەستکرد بۆ بەسەر فەلسەفەدا دەکۆشێت؟ چارەنوسی گفتوگۆ سوکراتیەکان، کە لە ڕیشەدا گفتوگۆگەلێکی شۆڕشگێڕانەیین، چییان بەسەر دێت؟ دەکرێت بوترێت، کە زیرەکی دەستکرد سەراپای ئاوەژوی فەلسەفە، مەژووی هزر، پێگەیشتووە بەهەدەر نادات و فەلسەفەیەکیش تایبەت بەخۆی دەخاتەگەڕ، کە چەپکەبیرکردنەوەیەکی عەقڵیی پوختە. ئەم زیرەکییە، کە بەرهەمی لەژیەکی چەند مرۆڤکانی کەمەگەڵ دابەاوناکات لە فەلسەفە و کاریش بۆ بنبڕکردنی فەلسەفە ناکات.
کاتی زیرەکی دەستکرد کاتێکی پوختە؛ ئەم کاتە مرۆڤی پوخت، کەمەگەڵی پوخت بەرهەمدەنێت. هەر ئەم کاتە داوای جۆرێکی تر لە بیرکردنەوەی فەلسەفیی، پرسیاری فەلسەفیی دەکات. کاتێکە کێشەی کەمەایەتی و سیاسی جوداوازی دەبەت و ناهاوکانی ئەم کاتەش لە زۆر لاوە لە لەمەوبەری ناکات. چونکە بەهاکان، بەوونی مرۆیی تادەکاتە بابەتە ئاکارییەکان بەجۆرێک لەژێرسایەی زیرەکی دەستکرد دا بەرهەمدەن تێگەیشتنی سادە و لاوەکی دەرەقەتی نایەن. کەوابەت،

کاتی زیرەکی دەستکرد فەلسەفەیەکی تایبەت بەخۆی پەلەکێشی ناو ئەو کاتە دەکات.
شەقامی سەردەمی زیرەکی دەستکرد شەقامێکی کلاسیک نییە و هەروەک شەقامەکانی سەردەمەکانی تر دابەاو نییە لە نیگەرانییە بوونادیەکان. لەبەرئەوە ئەم شەقامە تا بکارێت لە هەوداوەکانی زیرەکی دەستکرد بدوێت فەلسەفەیەکی تایبەت بەخۆی دەوێت.
فەلسەفە لە شەقامی ناوبراودا بوونی پێویستە، تا زانستپەرستی دروستنەبێت و مرۆڤی ژیر نەبێتە پەوانە بۆ مرۆڤی باش، دادپەروەر و مرۆڤدۆست. بەواتایەکیتر، بۆئەوەی ئەم زیرەکییە مرۆڤ بەرەو کەلایەتی زانستیی و کەمپیوتەرپەرستی نەبات، فەلسەفە شانبەشانی زیرەکی دەستکرد چاودێرد بێت بەسەر خودی زیرەکییەوە،.
ژیرخانی شەقامی سەردەمی زیرەکی دەستکرد شەقامێکی بێ فەلسەفە نییە. ئەم شەقامە هەروەک ئەوانیتر چەمکەکانی وەک داد، ئازادی، ئەویندداری، ماف، گەندەڵی و بەختەوەری لا بابەتە. ئاستە سەردەمی زیرەکی دەستکرد سەردەمی چەبوونەوەی داتا و زانیاریە، کە لە هەگای کەمپیوتەر و ئامێرەکانەوە دەگات بۆ شەقام، بەڵام شەقام لەگەڵ کاتدا نوێنەرایەتی ئەو ئامێرانەدەکات و بەکاریشیاندەبات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی.
لەبەرئەوەی زیرەکی دەستکرد جەگرەوەی مرۆڤ نییە بوونی فەلسەفە لەوێندەر بەگومانە. فەلسەفە باوەڕی بە زیرەکی دەستکرد هەیە و کاریشیتیادەکات تا زیرەکی مرۆڤ هەکارێک بێت بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو دیاردانەی هەگریدەکەن لە ئازادی و ئارامی مرۆڤی کەمەگەی زیرەکی دەستکرد.
زیرەکی دەستکرد بەجۆرێک لە شەقام خۆی دەخاتەوو بەهانەی زیاتر دەدات بە فەلسەفە تا پاساو بە ماناوەی خۆی لە بیرکردنەوەی مرۆڤی شەقامی زیرەکی دەستکرد دا بهێنێتەوە. ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت، کە فەلسەفەی زیرەکی دەستکرد لە دەرەوەی بواری فەلسەفە نییە، بەخۆی لقێکە لە فەلسەفەی عەقڵ و فەلسەفەی زانستی کەمپیوتەر. واتە هەماهەنگیی نێوان فەلسەفە و زیرەکی دەستکرد عەقڵ و قەبارەی وەگەڕخستنی عەقڵیش لەگەڵ هاتنی زیرەکی دەستکرد دا زیاتردەکات.
ئەوەش شایانی وتنە، کە هەرچی بزووتنەوە فەلسەفییەکانە لەگەڵ هاتنی تەوژمی تەکنەلۆژیای زانیاری ڕووتی فەلسەفییان گەڕانی بونیادی دێتەسەر، ئەمەش بەهەکاری ئەوەی، شەقامی سەردەمی زیرەکی دەستکرد پڕزانیاریە و مرۆڤەکانی ئەم سەردەمەش توانای وتنی خۆرا و کردەی خۆرایان زۆرە. وەڵای ئەوە، لەم شەقامەدا گفتوگۆی فەلسەفیی بەردەوام دەبێت، بەڵام مرۆڤەکانی ئەم شەقامە بەپێی ئەوەی فرەزانیارین لە گفتوگۆکانیاندا زۆرتر دەخەنەوو و

تەنامانیشیان پتر ئەپیستەمەلۆژیانە(مەعریفیانە) دەبێت تا پەچەوانەکەی.
مایەی ئەوەش بوترێت، کە لەبەرئەوەی لێگەڕان هاتنی تەوژمی زیرەکی دەستکرددا زانین بگشتیدەکرێت، ئەمە وادەکات زانینی زانستی، کە لۆژیکییە، بەرزتر بەبێتەوە لە کەمەڵگاکاندا، بە کەمەڵگای کوردیشەوە؛ زانینی لۆژیکی لە گشت لایەکەوە هەرش دەنێت و باڵ بەسەر ژیانی سادەی تاکاکاندا دەکێشێت. لەم حاڵەتدا ئەو جۆرە کەمەڵگایەی بەرهەمی زیرەکی دەستکردە لێکسیکەنی فەلسەفەکەی سەرلەبەر جیادەبێت.

فەلسەفە هی هەموانە

سەبارەت بەوەی فەلسەفە هی هەموانە ئەمە بەو مانایە دێت، کە خەڵکی گشتی لێیتێدەگات؟ یان بەپەچەوانە؟ فەلسەفە بە هەموان، ئەمە خەماندن نییە، پەموابەش نییە، شتێکی نزیک لە ئاستییە. فەلسەفە، کە بەشی هەموانی تەدایە میراتێکی مرۆیی هاوبەشە و سەرتاسەریشە. بۆیە ئەم میراتە بە بیرکاریزانەکان وەک مۆزووکرد و ڕەماننووسەکان تادەگاتە خەڵکی سادە پەویستە.
دورخستنەوەی فەلسەفە لە کورد پەماندەنێت، کە فەلسەفە هی هەموان نییە. بەنام تێگەیشتنی فەلسەفە هی هەموانە، هاوکارماندەبێت تا ئەوپەڕی فەلسەفە بە هووبەووبوونەوەی کەشکانمان بکاربەرین. ئەوەتا کەمارکەی ئەفلاتون پەماندەنێت فەلسەفە واتە شار؛ شار بە فەلسەفە شارەکە گشت دژەکان(بە دادی، گەندەڵی، نەزانین، …) تێیدا بەسەر فەلسەفەدا زاڵدەبن.
ئەوەی لای سەرەوە باسکرا، بەرەو سەرنجخستنەسەر فەلسەفەی گشتییمان دەبات Public Philosophy. ئەم فەلسەفەیە هەر وەک فەلسەفە ئەکادەمییەکە پەویستەکات بەدەست شارەزایانەوە بێت لە فەلسەفە. لەم گەشە نیگایەوە، فەلسەفەی گشتی پەویستی بە شیکاری فەلسەفیی هەیە. ئەم شیکارییە خودی فەلسەفە نزیکدەکاتەوە لە زەرینە، ئەوەش بەهەی گفتوگۆکردنی نیگەرانییەکانی تاکەوە. گومانیناوێت فەلسەفەی گشتی جۆرێ تەمومژاویی‌ەک لێگەڕان خەیدا دەنێت، لە لێگەڕان کاتدا دەبێت بەوتەوە.
فەلسەفەزانە ئەژئاوایییەکان لە یۆنانەوە تائێستا کاریان لەسەر ووڵنکردنەوەی واتای فەلسەفیی فەلسەفەکردووە و ئەوەیشیان لە تێگەیشتنماندا بەرجەستەکردووە، کە بەهەی فەلسەفەوە لێگەڕان جیهان و خەمان و ئەوەی تێردا لە دیالێگداین. وەکیتریش، دیالێگ فەلسەفییەکان دیالێگگەلێکی هەوەشانەوەگەران، یەکدی

هەڵدەوشوێنەوە، هەتدەکەنەوە و دواتر ئەوە دەسازێنن، کە پێویستی هزریی مرۆڤە. ئەمە وادەکات، کاتێک فەلسەفە دەهێنرێتە شوێنی دەستواژە فەلسەفییەکان لە ئاڵوگۆڕیی بخرێن.
ئەوەی وترا ئەوەمان پەدەستت، کە ""فەلسەفە لە کەمتەرخەمی کار بە دروستکردنی بۆها دەکات و بەزگرتن لە جیاوازییەکانیش بەهادارەکات و هەوشتی پێکەوەژیانیش واتابەخشدەکات. ئەبەتە هەر فەلسەفەش هەستی هەڕەخنەیی سەبارەت بە کۆشەی هەوشتی، ژیانی هەوشتی، ئەرکی هەوشتی، پرسەی هەناکبیری و... هتد دروستدەکات و پرسیاری مرۆڤیش لەسەر مرۆڤ دەوروژێنێت"".
بەپێی تێگەیشتنی لوك فێری Luc Ferry فەلسەفە بریتیی نییە لە "هەشنەبیری گشتیی". دیارە ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت مرۆڤەکان هەوێنەدەن تێگەیشتنیان لەسەر فەلسەفە نەبێت. هەی ئەمەیش بە دوو شت دەگەیەنێتەوە: لەلایەك لەبەرئەوەی "بەبێ فەلسەفە ناتوانین لە جیهان بگەین". لەلایەکی تر لەبەرئەوەی "دیدی ئەمە بە جیهان، کە لەمیانەی مەژووی هزرەوە پێکهاتووە پێویستمان بەوەیە لە ناواخن و لەژیکی ئەم دیدە بگەین". لوک فێری بەچوونی وایە، کە گومانی ناوێت، کە خوێندنەوەی کلاسیکی هزری مرۆڤایەتیی یارمەتیی ئەوەمان دەدات باش و سەربەستانە بژیین. "هەندەك لە هزرڤانە هاوچەرخەکانیش پێیانوایە ئەوان بە خەشی فەلسەفە ناکەن و تەنانەت لەبەرئەوەیش فەلسەفە ناکەن تا باشتر لە خەیان یان لە جیهان بگەن، بەکو بەئەوە فەلسەفە دەکەن تا خەیان بپارێزن".

ستەفن هاوکینگ بەرهەمی گفتوگۆ زانکییەکانە نەك شۆقام

ستیفن هاوکینگ Hawking لە بازاڕ دروستنابێت؛ ئەم بەرهەمی زانکۆ و توێژینەوە پەدژوارە فیزیاییەکانە تایبەت بە گەردوونناسی. بەیە لەڕەدا دەپرسین: دەتوانین گفتوگۆ گەردوونناوییەکانی هاوکینگ ببینە ناو بازاڕ؟ بەڵێ بەو مەرجەی وردەکاریی ئەپیستەمۆلۆژییەکانی(مەعریفییەکانی) فەلسەفە فیزاییەکەی دەستکارینەکەین. گەروابێت ئەوا جۆرە گفتوگۆیە تێنەگیشتن لە شۆقام دروستدەکات، ئەوەش لەوسەرەوە بەزاری دروستدەکات.
بازاڕ لەگەڵ تێنەگیشتن پەیوەندی باش نییە و بیرکردنەوەی تریش لە تێنەگەیشتنەکانەوە دروستناکات. ئەی چیبکرێت؟ باشترە فەلسەفەی فیزیای هاوگینگ لە درشتیا جەڕەت بە چونە قوڵاییە گەردوونناوییەکان. واتە دەبێت بزانرێت چۆن گفتوگۆکان بەرەو ئایین، مرۆڤ، بوونی خوا دەبرێت.
لە بازاڕ، هەردەم گفتوگۆ لەسەر باشە و خراپە، دیندار و بە دین،

داد و بە دادی، ئیمانـدار و بە ئیمـان، بەرەوشـت و بە ڕەوشـت ئامادەبوونی خەڵک هەیە. بەڵام دەبێت بزانرێت چۆن گفتوگۆی نێوان فەلسەفە و فیزیا دەهێنرێتە ناو شەقام.
بازاڕ بازاڕە، پێوەری تایبەت دەیباتەوە. ئەگەرچی زانکۆ ئەمرۆ خەریکە ملکەچی بازاڕ دەبێت و گوێ لە داواکانی دەگرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لەکۆتایدا، هەر زانکۆ دەبێت سنور بۆ قۆناغستانی بازاڕ دانێت و کار لەسەر بەمرۆیبوونیشی بکات.
بیردۆزە فیزیاییەکانی هاوکینگ سەبارەت بە یەزدان و ڕەچەڵەکی گەردوون لە شەقام وەک خۆی جێگای خۆی ناکاتەوە، چونکە ئەو بیردۆزانە پێویستی بەجۆرێک لە ڕوناکبیری فیزیایین، کە لە شەقامدا دەستناکەوێت.
ڕاستە، کە ئەمە داکۆکی دەکەین لە دروستکردنی گفتوگۆی فەلسەفیی سەبارەت بە فیزیا، کە ئەوانەش دەمانبەن بەرەو دەڤەری تر لە گفتوگۆ، کە ڕەنگە ئەو هەڵ و مەرجە لە بازاڕ(شەقام) دەستنەکەون، بەڵام دەبێت خەمان لەو ڕاستییە گەلنەکەین، کە شەقام زانکۆی ئەکسفەرد و کامبریج نییە، شەقام شەقامە و هیچیتر. هەر بەنموونە، گەردوون، کە سیستەمکی ئاڵۆز و ناهەمەکیی و ناشواوە، لەناو بازاڕ بەو ئاڵۆزییە گفتوگۆناکرێت، کە لە نەوەندی ئەکادەمی فیزیادا گفتوگۆدەکرێت.
تەگەیشتنەکانی هاوکینگ، کە زەرجار دەمانبات بەرەو بەستنەوەی دۆزەخ و بەهەشت بە بوون و نەبوونی یەزدانەوە، ناکرێت لە بازاڕدا ئەو گفتوگۆیانە بەو جۆرە سازبکرێت، کە فیزیای هاوچەرخ لە زانکۆ کاریتیادەکات. بەڵام ئەمە ئەوەش ناگەیەنێت، کە زانکۆ توانیوێتی ئەو جۆرە بیرکردنەوانە بنبەکات، کە لە بازاڕ دا جمێی دێت.
شەقام شپرزە و قەرەبالغە، بەڵام هەشتا بیرکردنەوەی تیایە. ئەو بیرکردنەوەیەی لە شەقام دا هەیە تایبەتمەندی خۆی هەیە. شەقام وەک زانکۆ نییە، ئەوە شوێنی ململانێ ڕەزانییەکانە لەپێناو بژێوی ژیان. لەوە پرسیاری تر بەرهەمدێت، کە لە هەڵکانی زانکۆ دروستنابێت. هەروەها کێشکانی شەقام ڕەسەنترن و نوێنەرایەتی ڕاستەوخۆی ژیاندەکەن، و توانای جوڵانەوەی پرسیاری سیاسی، ئابووریی و کۆمەڵایەتیشیان هەیە.

بردنی فەلسەفە لە هەڵکانی خوێندنەوە بە سەر جادە

لە شەقام لە پرسیارە فەلسەفییە قوڵکانەوە دەچین بە پرسیارە فەلسەفییە سادەکان. بەڵام لە زانکۆ لە پرسیارە فەلسەفییە قوڵکانەوە دەچین بە پرسیارە فەلسەفییە دژوار و گومڕاکان.

بەنموونە، تێگەیشتن لە ئارگیومێنتە فەلسەفیەکان دژواریی خۆی هەیە؛ ئەمە لە هەڵکانی زانکۆ ئاسایییە تێنەگەیشتن دروستبکات، بۆیە گواستنەوەی بۆ شۆقام سەلیقەیی و کارزانیی دەوێت.
لەبەرئەوە شۆقام بۆ ئەو تێگەیشتنە بەکاردەبرێت، کە چۆن فەلسەفە بتوانێت ژیانت بگۆڕێت، واتەبکات چێژ لە ژیانکردن وەرگریت. واتە دەکرێت لە شۆقام ئەو تەماشاکردن و تێگەیشتنە لەسەر فەلسەفە دروستکرێت، کە فەلسەفە بۆ ئەمەیە و لە ناو چۆقی ژیاندا ئامادەیە. هەوڵنکردنەوە ئۆگرییەکانی تر، کە بابەتی سەرەکیی فەلسەفەن باشترە لە نەوەندی ئەکادەمییدا بوروژێنرێت، کە لەوێدا ئاسایییە ئەو کۆشە فەلسەفییە سەرەکییانەش لەکەینەوییان لەسەر بکرێت، کە بۆ فەیلەسوفەکان ماناداربوونە.
بەپێی ئەوە بێت، کە لایسەرەوە قسەی لەبارەوە کرا، شۆقام زانکۆ نییە، لە شوێنکی چاکیشە بۆ جۆرانەوەی پرسیاری فەلسەفیی تایبەت بۆ ژیان: یەزدان، ڕاستی، داد، شادی، ، چێژ، قەدەر، بەختەوەری، درۆ و... . لەبەرئەوەی ئەم چەمک و دەستەواژانە هەی هەموانە سانا ترە گفتوگۆکردنیان لەچاو هەندێک چەمک و زاراوەی تر: هەڵچوونکی گەردوون، مانای نائاگایی بۆ ئاگایی، دەرئەنجامی زانین، بێگەسازیی، دیالێگی دەروون و عەقڵ و پاساوی لۆژیکیی و... .
لەوەی لایسەرەوە وترا، دەبێت ئەوەی لەوەفرەبین، کە بەدواداچوون بۆ مۆژوو و نەشونمای دیدە فەلسەفییەکان لە جیهانی ڕۆژئاوادا بۆ نەوەندی زانکۆ پێویستییەکی هزریی و زانکۆییە، لە ئەمە بۆ شۆقام ئەو پێویستە نییە، یان هیچ نابێت چوونە قوڵایی دیرەکی لەمۆژینەی فەلسەفەی ڕۆژئاوا بۆ شۆقام ئەو گرنگە نییە و وروژاندنیشی ناتێگەیشتن دروستدەکات.
گواستنەوەی فەلسەفە لە زانکۆوە بۆ شۆقام گرنگیی خۆی هەیە، بەڵام ئایا بەوە فەلسەفە پێگەی ئەکادەمیی و ئۆناکبیریی خۆی لەدەست دەدات؟ ئەبەتە نەخێر. فەلسەفە، کە دێتە شۆقام، لەسەر دەستی شارەزا و پسپۆر لە فەلسەفە، ئەوکات زۆرتر لە خۆک، لە جەماوەر نزیکدەبێتەوە. ئەمە ڕێگایەکیشە بۆ ئەوەی پرسیارە فەلسەفییە مەزنەکان ڕووبەڕووی خۆک بکرێنەوە و بەشداریشیانپێبکرێت بۆ دەزینەوەی وەڵام و وروژاندنی بیرکردنەوە.
ڕێگاکە، باشترین ڕێگایە بۆ زیندوو هێشتنەوەی فەلسەفە و نزیککردنەوەشی لە ژیان. بەمە فەلسەفە لەوە دەکەوێت وشک و توند دەرکەوێت و خۆی سەروی کەمێگە نیشاندات. هەر ئەم ڕێگایە گۆڕانەوەی فەلسەفەیە بۆ سەرتاکانی دەرکەوتنی فەلسەفە و کردنیشی بۆ بۆشک لە تۆاماتی بەردەوام.
کاتێک فەلسەفە تەنها لە هەڵکاندا گیردەکرێت، ئەمە وا لە فەلسەفە

دکات خی دابراو و دستبژێری نیشاندات. بۆیە فەلسەفە پێویستی بوونیە لە هەڵکان وەدەرنرەت و تاو تاوک بچێتە شوێنە گشتییەکان (پاک، گەڕەپان، قاوەخانە، ...) و ئەو بابەتانە گفتوگۆبکات، کە کێشەی ڕۆژانەی هاوڵاتیانن؛ لە کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانەوە تادەگاتە کێشە ڕووشتی و دەروونی و بوونناویەکان.
بە بردنی فەلسەفە لە هەڵکانی خوێندنەوە بۆ سەر جادە فەلسەفە ئەو بارگە تۆدەدات، کە بزێرکراوە بۆبریا؛ بارگێک، کە هەمیشە پێماندەت فەلسەفە وشک و ئاڵۆز و ناقۆ.
ئەم هاتنەسەر جادەیەی فەلسەفە وا لە فەلسەفە دکات وەک هی هەموان تەماشابکرەت، وەک ئەوەی فەلسەفە ئەویە، کە پێویستمانە و دەتوانەت قسەمان لەسەربکات. تا وایلەدەت وردە وردە فەلسەفە خی دکات بە گشت شوێنکی ژیانمان؛ ناو خەزان، کتێبخانەکان، قاوەخانە کولتووریی و باخ و شوێنە گشتییەکانیتر.
وەای ئەو، کاتێک فەلسەفە لە هەڵی وانە و سەمینارەوە دەتە شەقام خی پتر دەناسێنەت و زەرتر لەسەر خی دەتەگۆ. فەلسەفە، کە ناسراوە بەوەی گفتوگۆی شتی جیاوازدکات، لە شەقامەوە دەستدکات بە ڕوژاندنی گفتوگۆی نوێ و پێویست.
بابەتکانی شەقام دکرەت خی لە بابەتگەلی وەک تەنهای، ئازادی، بەدەنگی، خەمکی، بێختەوەری، بێهیوای و بێباکی و زەرەک چەمک و دەستەواژە بدات، بەبام ئەوانەی کاری سەرشەقام ڕەکدەخەن دەبەت لە مژووی هزر و فەلسەفە شارەزابن و توانای ڕونکردنەوە و ئاقی دیاردکانیان بە سەلیقەیی و سانایی هەبەت.
بردنی فەلسەفە لە هەڵکانی خوێندنەوە بۆ سەر جادە جێ پەنجەی زانکۆ، نەوەندی ئکادمیی، بە شەقامەوە دیاردبەت. بەو مەرجەی پسپۆر لە فەلسەفە توانای جوانەدنی پرسیارکانی شەقام و نیگەرانییەکانی خکی هەبەت. لەم بارەیشەوە ئەزموونی فەیلەسوفی فەرەنسی میشێل ئەنفرێ Onfray و ڕوناکبیری ئەمەریکی ئیان ئولاسۆف Ian Olasov سەبارەت بە فەلسەفەکردن لە شەقام جێگای باسن.
کاتێک فەلسەفە لە هەڵکانەوە بەرەو شەقام دەبێین گرنگ لەوە بئاگابین، کە بابەتی فەلسەفە زەرن. ئەنگێ بەشکییان ئەوانەبن، کە ڕۆژانە ڕەکەوتی دکەین: داد چییە؟ بە دادپەروەری دەبەت هەبەت؟ زانین چییە؟ ئەڤین یان جەنگ چییە؟ باشە یان خراپە چییە؟
کێش لەوە، لە شەقام، قسە لەم پرسیارانە بکات و چۆن فەلسەفەکردن لە شەقام بکرەت ئەوەش بابەتن بە بیرکردنەوە. واتە پرسکانی ڕۆژ پێویستدکات زوزو فەلسەفەیان بسەرەوە بکرەت. بەس لەسەر ئەوە وەستاوە کە ئەوە دکات؟ لەبارەی پرسکانی ڕۆژیشەوە دەبەت جیاوازیبکرەت لەنەوان ئەوانەی سەبارەت بەم پرسانە چۆنلەدەدەن،

زربەی دەکەن و ئەوانیش حیکمەتدەفەرموون.
بەگشمان لەسەر بردنی فەلسەفە لە هەڵکانی خوێندنەوە بە سەر جادەی ئایاری 68 ی پاریس، کە لە سەردەمی نوێی فەلسەفەدا باشترین نموونەیە لەسەر فەلسەفەککردنی شەقام. بیرمەندە فەرەنسییەکان ئەو دەمە خەیان و خوێندکارەکانیان هاتنە سەر جادە بە دروستکردنی فشار و هەناکایەوەی گەڵانکاریی بنەماییەکان. ئەمەش وایکرد لەدوای خەباتی شەقامی ئایاری 68 ی پاریسەوە فەرەنسایەکی تر لەدایک بێت.

نەبوونی گەڤارەکی ئەکادیمیی زمانەوانی بە زمانی کوردی.. سوداد ڕەسوول

لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا هەر لە سەرەتاوە هەتا ئێستا گەڤارەکی زمانەوانیمان نەبووە بە وتار و توێژینەوە زمانەوانییەکان، ئەوانەی تا ئێستاش دەرچوون هیچ کامیان لە ئاست گەڤارەکی ئەکادیمیی زمانەوانیی کوردی نین کە مرۆڤ دەی ئاوی لە بخواتەوە و بکرێ بە سەرچاوەیەک بە زمانەکی ستانداردی کوردی، کە دەڵێم زمانەکی ستاندارد واتە نووسینەکی ڕاست و ڕێزماندار، بکرێ بە ڕێنمایەک بە ڕاستنووسیی کوردی، واتە نووسین بە ڕێنووسەک کە دوایاسا ڕێنووسییەکانی کوردی تێدا پەیڕەو کرابێت، پەویستە ئەم گەڤارە ئەوەندە زانستی بێت، لە هەموو ڕوویکەوە نووسەران و خوێنەران بەی بگەڕێنەوە وەک نموونەی ڕاستنووسیی کوردی لێی بڕوانن.
بەمدواییە گەڤارەک دەرکەوت بە ناوی گەڤاری "زمان و زار"، بەڕپرس و سەرنووسەری ئەم گەڤارە فەرەیدون سامانە. زۆربەی ژمارەکانی ئەم گەڤارەم دەست کەوتووە و وتارەکانم خوێندووەتەوە؛ لە سەرەتادا دڵخۆش بووم بە دەرچوونی، کە پێم وابوو ئەم گەڤارە بتوانێ ئەم کەلێنە لە زمانناسیی کوردی پڕ بکاتەوە، بەڵام بە داخەوە ئەوەی من چاوەڕوانم دەکرد ئەمە نەبوو. ئەم گەڤارەش دەچێتەوە سەر کەمەک گەڤار و ڕۆژنامەی دی کە هیچ ئاستەکی زانستی بە زمانناسیی کوردی تێدا نییە. ئەمە هەرچەندە، چەند نووسەرەکی بەڕێز وتاری

زمانەوانییان تێدا بەناو کردووەتەوە. لێرەدا من نامەوێ هەڵسەنگاندن بۆ نووسینی ئەم نووسراوە بکەزانە بکەم، تەنیا دەمەوێ چەند سەرنجێک بنووسم لەبارەی ئاستی ئەکادیمیی گۆڤارەکە و چۆنیەتی بەناوکردنەوەی وتارەکان و بەکارهێنانی زمان و ڕێنووسی کوردی تێیدا. بۆ ئەم سەرنجانەش هیچ مەبەستێکی شەخسیم لەگەڵ ستافی گۆڤارەکە نییە، تەنیا باوەڕبوونی خۆم بە ڕەخنە، پێشم وایە بۆ ڕەخنەی زانستی و بنیادنەر کارەکانمان پێش دەکەون، هەروەها ڕەخنەش ئازادە، بۆیە هەموو نووسەرێک ئازادە ڕا و سەرنجی خۆی هەبێت لەسەر هەر گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبێک کە دەردەچێت. بۆ حوکمی بایەخدانی خۆم بۆ بواری زمانەوانی، بۆ پێویستم زانی ئەم هەڵسەنگاندن و ڕەخنەیە لەسەر ئەم گۆڤارە بنووسم. لە خوارەوە بۆ خاڵ هەندێک سەرنج دەخەمە ڕوو:

یەکەم: ئەم گۆڤارە، بۆ بەناوکردنەوە هیچ پێوەرێکی ئەکادیمی نییە، هەرچی دەست دەکەوێت، ئۆگەر زۆر لاوازیش بێت، بەناوی دەکاتەوە. گۆڤارێک کە بانگەشەی زمانەوانیی کوردی دەکات، دەبێ هەموو وتارەکانی تەرخان کرابن بۆ بابەتێ زمانەوانییەکان، کەچی بابەتی وای تێدا بەناو کراوەتەوە هیچ پێوەندیی بە زمانەوە نییە، یان پێوەندیی بە زمانەوە هەیە بەڵام لە ڕووی زانستییەوە ئاستی زۆر نزمە، شایانی ئەوە نییە لە گۆڤارێک بەناو بێتەوە کە بانگەشە بۆ گۆڤارێکی زمانناسی دەکات. هەندێک بابەتی تێدا بەناو کراونەتەوە پێستەکی فەیس بووکە، یان وتارێکە پێشتر لە گۆڤاری دی، یان لە وێبسایتێک بەناو کراوەتەوە. بۆ نموونە لە ژمارە(٨) ی گۆڤارەکە کەمێک وتار بەناو بوونەتەوە کە پێشتر لە شوێنی دی بەناو کراونەتەوە. ئاماژە بۆ چەند نموونەیەک دەدەم:

توێژینەوەیەکی د. ڕەحیم سورخی بە ناوی "حکوومەتمەندیی زمان لە ئیستعماری ناوخۆیی ئێراندا". ئەم توێژینەوەیە، پێشتر لە گۆڤاری تیشک بەناو بووەتەوە. هەر لەم ژمارەیەدا، وتارێکی غەفوور مەخموری تێدا هەیە بە ناوی " زمان ناسنامە و هەبوونی نەتەوەی کورد" کە ئەویش پێشتر لە گۆڤان مەدیا بەناو بووەتەوە، کەچی سەرنووسەرەکەی بە بەڕەچاوکردنی ئەتیکی ڕۆژنامەنووسی و بە ئاگادارکردنەوەی خوێنەر، وەک بابەتێکی نوێ لە گۆڤارەکەی بەناوی کردووەتەوە. هەر لەم ژمارەیەدا وتارێکی د. موئمین زەمی هەیە بە ناوی "(ChatGPT) و فەرکردنی زمان" ئەم وتارەش پێشتر لە وێبسایتی چاوی کورد بەناو بووەتەوە، کەچی سەرنووسەرەکەی لە پەراوێزەکەی ئاماژەیەکی پێ نەداوە و خوێنەر ئاگادار بکاتەوە کە ئەم وتارە بۆ جاری دووەم بەناو دەبێتەوە، ئەویشی کردووە بە بابەتێکی نوێ و دەستی یەکەم بە گۆڤارەکەی. هەر لە هەمان ژمارە، توێژینەوەیەکی زانستی هەیە بە

ناوی "زمانی دادگاکان لە هەرەمی کوردستاندا" کە لە لایەن دوو توێژەر بە ناوەکانی پ . د. شەرش حەسەن عومەر و د. لەتیف مستەفا ئەمین نووسراون. ئەم توێژینەوەیە وەک دیارە بە بەرزبوونەوەی پلەی زانستی نووسراوە لە گۆڤارێکی ئەکادیمی بەناو بووەتەوە، کەچی سەرنووسەری گۆڤارەکە بەبە هیچ تێبینییەک لە گۆڤارەکەی خۆی جارێکی دی بەناوی کردووەتەوە. وتارێکی هەبەر مەحموود زادە بە ناوی " خوێندنەوەیەکی زانستیی لەبارەی بەیتەوە" هەیە، ئەم وتارە هیچ پەیوەندیی بە زمانەوە نییە، کەچی سەرنووسەر بەناوی کردووەتەوە هەر بە ئەوەی ژمارەی وتارەکانی زۆر بەت و قەبارەی گۆڤارەکەش ئەستوورتر بەت.

ئایا دووبارە بەناوکردنەوەی ئەم جارە وتارانە لە گۆڤارێکی زمانناسی چ سوودێکی هەیە؟ هیچ سوودێکی نییە تەنیا قەبارەی گۆڤارەکەی ئەستوور کردووە بە بابەتی کۆن و زیادە و غەیری زمانەوانی، لە بایەخی گۆڤارەکەشی هەناوەتە خوارەوە، وەک دیارە گۆڤارەکە نووسەری چالاکی نییە تێیدا بنووسن، ئەمەش وای کردووە ئاستی زۆر نزم بەت، وەک گۆڤارێک دەرکەوەت کە پەی دەگوترە مەگەزین، کە هەموو شتێک بەناو دەکاتەوە بە هەچاوکردنی ئاستی زانستیی وتارەکان؛ دەکرە بەەم بە هەندێک وتاری ناشایستە، گۆڤارەکە لە ئاستی مەگەزینیش نزمترە.

دووەم: گۆڤاری زمانناسی پەویستە گۆڤارێک بەت بە هاستنووسیی کوردی هەنما بەت، بکرە بە سەرەشق بە نووسین بە هەزمانێکی هاست و دروست و هەنووسێکی هەکوپێک کە دوایاساکانی هەنووسی کوردی تێدا هەچاو کرابەت. دەبە هەموو ئەو وتارانەی تێدا بەناو دەکرێنەوە لە هووی هەنووسەوە یەکدەست و یەکگرتوو بن، کەچی لەم گۆڤارە زمانەوانییەدا، هەر وتارێک بە جارە هەنووسێک بەناو کراوەتەوە، گۆڤارەکە هەەچنیەکی وردی تێدا نەکراوە، سەرنووسەرەکەی بەهیچ وتارێکدا نەچووەتەوە هەەچنی بە بکات و هەنووسەکەی هاست بکاتەوە، بەیە هەر وتارێک دەخوێنیەوە هووبەرووی کەمەک هەەی هەزمان و هەنووس دەبیەوە، ئەمە بەجگە لە هەەی تایپ. تەنانەت بە وتاری خەیشیدا ناچێتەوە پەە لە هەەی هەنووس و هەزمان و خاڵبەندی. ئەمەش دیارە سەرنووسەرەکەی ناوەەکی گۆڤارەکە و هاستنووسیی کوردی پە گرنگ نییە، هەر دەیەوە گۆڤارێکی قەبە و ئەستوور دەرکەوەت بە ناوی "زمان و زار" و خەیشی وەک سەرنووسەر دەرکەوەت.

هەر لە ژمارە (٨) ی گۆڤارەکە، سەرنووسەر وتارێکی بەناو کردووەتەوە بە ناوی "زمانی ستانداردی کوردی لە سەسیال مەدیادا" ئەم وتارە کە دوو لاپەرە و نیوە، نزیک بە ٤٠ هەەی هەنووس و تایپ و هەزمان و خاڵبەندی تێدا هاتووە، لە خوارەوە سکرین شۆتی وتارەکەم داناوە و

هەڵکانم دەستنیشان کردوون. ئەم سەروتاری سەرنووسەرکەیە بۆ گۆڤارەکە، تاقەتی نەبووە پەداچوونەوەیەک بۆ وتارەکەی خۆیدا بکات، ئەم هەڵانە ڕاست بکاتەوە، ئەگەر ڕێنووسی کوردییش بە باشی نازانێ، بەڵام هەر هیچ نەبێ هەڵکانی تایپی ڕاست بکردایەتەوە، ئەمە بۆجگە لەوەی وتارەکە هیچ مشتومڕێکی زمانەوانی تێدا نییە، لە باسی سۆشیال مەدیا دەتە سەر باسی زمانی ستاندارد، وەک بڵێی دوو بابەتی جیاوازن بە یەکەوە لکێندراون. لەم وتارەدا، نووسەر گلەیی ئەوە دەکات کە نووسەران پابەند نابن بە ڕێنووسێکی یەکگرتوو، کەچی خۆیشی پابەند نییە و نووسینەکەی پڕ هەڵەی ڕێنووسە، گلەیی دەکات ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی ئەکادیمین و زۆربەیان لە زمان کەڵەوارن، کەچی خۆی دوو لاپەڕەی سەروتار بۆ گۆڤارەکە نووسیوە، بە زمان و ڕێزمان و ڕێنووس و خاڵبەندی کەڵەوارە. گلەیی دەکات بۆچی زمانی تاکستاندارد نییە، ئەم هەموو زار و شێوەزارە چییە پێی دانووسرێ، کەچی دواتر هەر لەم نووسینە پێی باشە هەموو زار و شێوەزارەکان ڕێزیان بگیرێ و لە دەوری یەکدی کە ببنەوە. لەم وتارە دوو لاپەڕەییدا، کەمەک مشتومڕی دژبەیەکی خستووەتە ڕوو کە خوێنەر نازانی چی دەوێ و بۆچی ئەم وتارەی نووسیوە.
ئەمە حاڵی ژمارە(٨) ی گۆڤاری زمان و زارە، ئەگەر ژمارەکانی دیکەیشی سەیر بکەی بە هەمان شێوەیە، ئەگەر خراپتر نەبن، کە هیچ بنەمایەکی زمانناسیی کوردی تێدا نییە، تەنانەت هەست ناکەی ئەم گۆڤارە سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نووسینی هەیە، ئەوەندە بەسەروبەر و پڕ هەڵەیە. هەندێک کەس جاروبار پێم دەڵێن: بۆچی توێژینەوە زمانەوانییەکانت لەم گۆڤارە بڵاو ناکەیەوە؟ منیش پێیان دەڵێم: ئەم گۆڤارە ئەوەندە ئاستی نزمە بە شایانی ئەوەی نازانم نێک توێژینەوە، بەڵکوو وتارێکی ئاساییی ٥٠٠ وشەییشی تێدا بڵاو بکەمەوە.
سێیەم: پێم سەیرە ئەم گۆڤارە سەرنووسەرێکی بە دانراوە، کە لە بواری زمانەوانیی کوردیدا هیچ توێژینەوەیەکی نییە، نە دیدێکی ئەکادیمی بە زمان و زمانەوانی هەیە، کەچی خۆی کردووە بە توێژەری زمانەوانی؛ هەموو ئەزموونی نووسینی، کەمەک شیعرێکە لەگەڵ چەند وتارێکی ڕۆژانەی ئاسایی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان. ئایا باشتر نەبوو ئەم شاعیرە، گۆڤارێکی ئەدەبی دەرکات لە بواری ئەزموونی خۆی؟ بە دەبە بواری زمانەوانیی کوردی بکەوێتە دەستی کەسانی ناپسپۆر؟ کەسێکی ناشارەزا لە زمانەوانی خۆی کردووە بە فیگارێکی زمانەوانیی کوردی و هیچیش لە زمانەوانی نازانێ، کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش ڕا و بۆچوونی لە سەر زمان و زارەکانی کوردی وەردەگرن، ئەویش لەدوان و بۆچوونی هەڵە لەسەر بابەتە زمانەوانییەکان دەدات و باسکان لاڕێ

دکات!. ئایا باشتر نەبوو ئەو کەسە لەسەر ئەزموونی شیعری خۆی قسە بکات و توخنی زمانەوانی نەکەوێت؟
بۆچی هێگڵ بدرێ بواركی ئەکادیمی وەک زمانناسی بکەوێتە دەست خەڵکێکی ناشارەزا و ناپسپۆر؟ ئەمە لە کاتێکدا ئەمە لەشکرێک مامۆستای زانکۆ و پسپۆری زمانەوانیی بۆشە کوردییەکانمان هەیە، کەچی شاعیرێک گۆڤاری زمانەوانی دەردەکات کە هیچ بۆشداریەکی زانستی لەم بوارەدا نییە. هەتاکەی بوارە زانستییەکان کەسانی ناشارەزا و ناپسپۆر دەستیان بەسەردا بگرن و وێرانیان بکەن؟
هەکاری سەرکیی ئەم دۆخە بەسەربوردە زمانییە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەلێنە گەورەیە کە ئەکادیمیای کوردی دروستی کردووە، تا ئێستا نەیتوانیوە گۆڤارێکی ئەکادیمیی زمانەوانی بۆ زمانی کوردی دەربکات، بۆیە ئەمە، ئەم کەلێنە ئەکادیمییە، خەڵکێکی نائەکادیمی بۆ هەڵە پێی دەکەنەوە، و هۆشی زمانکەش زیاتر بەرەو ئاژاوەیی و وێرانەیی دەبەن.
هیوادارم ئەم چەند سەرنج و تێبینیی من هاندەرێک بێت بۆ ستافی گۆڤارەکە بۆ ئەوەی لە ژمارەکانی داهاتوویدا بۆ سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی، پێداچوونەوەیەکی وردی بۆ بکەن، لەو ئاستە نزمەی هەیەتی ڕزگاری بکەن، کەمێک ئاستی زانستی باشتر بکەن.

سوداد هەسوو

وێنە هەمزیەکانی نێخشخانەو زیندان لە تەی کەمەڵایەتیدا.. نیهاد جامی

سەرەتا دەموەت ئاماژە بۆ ئەوە بکەم ئەم کورتە وتارە ئیشی لەسەر شکاندنی بۆشک لە کارکتەری مرۆڤکانی ناو کەمەڵگا نیە، هەندێ قسەکردنە لەترس وەک ساتەوەختێکی هەنووکەیی کە کەمەڵگای ئەمە بەناویدا تێدەپەڕین.

ترس لەئێستادا ساتێک نیە پەیوەندی هەبێت بۆ نووسین، بەو پێیەی هەمیشە ئەوانەی وەک گروپە جیاوازەکان بیر ناکەنەوە نووسینی

ئەوانیتر پەراوێز دەکەن و بەدژی خەیان سەیری دەکەن، ئەوش بەتایبەت لەململانێی نێوان دینیەکان و دژەکانیان.

ئەو ترسە لەئێستادا لەناو تەنای کۆمەڵایەتی پێلین بۆتە سەر دوو گروپی جیاواز، گروپێک هەموو قسەکردنێک وەک ئازادی دەبینێت، جنێو دەدات هاوار دەکات دەتە سەر حەرامکان، هاواری ئەوان پاڵپشتیکی دەروونیە لەسەر ئارەزووە چەپێنراوەکانیان، دەیانەوێت لەم رێگایەوە گوزارشت لەخەیان بکەن وەک مرۆڤێکی ئازاد، کەچی لەبنەڕەتدا مرۆڤی بریندارن، دەخێکی دەروونی ئەوانی هەناوەتە قسەکردن، دەخێک لای فەیلەسوفێکی وەک ژێلیا کریستیڤا بە «زهان» ناوی دەبات، کەسی زهانی دەرونی چەپێنراوی دەیهێنێتە قسەکردن، هەموو ئەو حەقیقەتانە دەڵێت کە لەنەستدا بوونی هەیە و پەیوەندی بە ئاگاییەوە نیە هێندەی لەناو ئاگاییدایە، لەم ڕوانگەیەوە ئەمە کاتێک دەکەوینە بەردەم شپەڵەک مرۆڤی زهانی ناو تەنای کۆمەڵایەتی کە لەرێگەی قیدیەی ئاستوخە دەنە قسەکردن، پەیوست بە ترسێک ناکات لەبەردەم دەخێکی هەنووکییدا، چونکە ئەمە دەبێت بزانین لایەڕکان و قسەکردنەکان وابەستەی زهانیەتی ئەو مرۆڤانەوەیە، کاتێک پەیوست ناکات لەوانە بترسین، دەبێت خەمان لەو پرسیارەش نەشارینەوە بەوەی ئەی لەکە بترسین؟

گروپی یەکەم کە بە زهانی ناومان بردن، تاقمێکن لەدەرەوەی مەعریفە، ئەوان تەنیا قسە دەکەن، خەیان دەکەن بە گالتەجار، وەنەیەکی کاریکاتێری نائەخلاقی بە خودی خەیان ئاراستەی کەمەڵگا دەکەن، ئەوان هێندەی لەشکرێکی زهانی بینەریانن، پەیوەندیان بە دەخێکی تەرەوە نیە، کە بە خەیان و بینەرەکانیان نەخشانەیەکی ڕەمزیی بنیات دەنێن، کە خەیان وەک پزیشک سەیر دەکەن نەک نەخەش.

بەیە زهانیەکان هی ئەوە نین لەیان بترسین، بەڵام نیگەرانیمان بەیان پەیوستە بە ساتی باڵای زهان، تیایدا ئاخاوتن نمایشی خراپترین دەخی دەروونی ئەوان دەکات.

ئەوەی پەیوستە لێی بترسین گروپی دووەم، ئەوانە لەناو بەرگی مەعریفەوە خەیان نمایشت دەکەن، کارەکتەرگەلێکن بیانوێکیان هەیە بەوەیە بەهای کەوتوو لەگروپی یەکەم وەردەگرنەوە، دەیخنەوە شوێنی خەیان، لەکاتێکدا کاریان تەنیا دژە گوتاربوونە لەگەڵ زهانیەکان، ئەوان خەیان وەک نوێنەری گوتاری ئەخلاقی ڕەشنبیریی نمایش دەکەن بە بیانوی ئەوەی پەیوستە ئاین بگەڕێتەوە ناو ژیان، بیانووی ڕەحی سفیگەرانە دەنێنەوە باس لە ئەدەبیاتی کلاسیک دەکەن، ئەو گروپە

یاریکەر کارەکی زۆری لەگەڵ چێنەتی زۆوتکردنی زۆرترین هەوادارە، تاوەکو لەو ڕۆگەیەوە بینەران و خوێنەرانێک بەدەوری کتێب و ڤیدیۆکانیان کۆ بکەنەوە، دەنا ئەوانیش وەک گروپی یەکەم لە دژەوەی مەعریفە دژین، ئەگەرچی بانگەشە بە مەعریفە بکەن، بەڵام مەعریفە تەنیا دەماهکەکە بە ڕەوایەتیدان بە خۆیان وەک ڕۆشنبیر، بۆیە لەئەستادا پێویستە لەو گروپە بترسین کە گوایە پێویستە هەموو شتێک بگەڕێنەوە بۆ ڕەحی ئاین، لەکاتێکدا ئەوان بەوایان بەو ڕەحە نیە، هەندێ ڕەحی ئاینی بانگەشەیەک و ئاکۆشانی بینەرانی تەی کەمەلایەتیە بۆ بەردەم ڤیدیۆکانیان، لەهەمان کاتدا بازاڕکردنێکە بۆ فرۆشتنی زۆرترین تیراژی کتێبەکان و زیادکردنی لایکی لاپەڕەکانیان، ئەو گروپە نامەعریفیە جارە خودپەرستیەک دەخوڵقێنن، تا وەک نوێنەری بەهای ئەخلاقی بیانبینین، کە گوایە ئەوان فریادڕەس و ڕزگارکاری بەهای کەووی کەمەلگان، بۆیە پێویست ناکات لەمناڕە زهانیەکان بترسین، بەڵام پێویستە ترسمان لەبەردەم ئەو درزنە گەورانە بێت کە لەپشت گرانەوە بۆ ئەدەبی کلاسیک و بەهای ئاینی دیانەوێت خودپەرستی خۆیان نمایش بکەن وەک مرۆڤی باڵا، مرۆڤێک کە وەک سوپەرمانی ئەخلاقی سیریان بکەین، سەرەنجام ئەوان وەک گروپی یەکەم قسە دەکەن، دلخۆشن بەهەوادارەکانیان، بەڵام گەر گروپی یەکەم جارێک لەنەخۆشخانەیەکی ڕەمزیی دەروونی خولقاندبێت، ئەوا گروپی دووەم کار دەکات بۆ دروستکردنی زیندانێکی ڕەمزیی، تیایدا ئەوان بەڕووبەری زیندان بن و ئەوانیتریش ڕابکێشنە ناو زیندان تا بۆپی سنوری دەسەڵاتی زیندان ژیانمان کۆنترۆڵ بکەن.

نیهاد جامی- فەرەنسا

گۆڤاری زمان و زار ژمارە ١٤

گۆڤارێکی زمانناسیی وەرزییە

سەرنووسەر: فەریدون سامان
خاوەن ئیمتیاز: د.تەها ڕەسوڵ...

بۆ خوێندنەوەی ژمارە ١٤ی گۆڤاری زمان و زار کلیکی ئێرە بکەن..

مرۆڤی نوێ یان هاوچەرخ فەرهەنگی تازەتر لە کالیگۆلا.. نووسینی: ستیڤان شەمزینی

مەنهەلگی سەزدە لە کتێبی (خۆشەویستی لە سەردەمی شەرپەنجە)دا

خەم: بەوا دەکەم ئەمە زمانمان تانانەت بیرکردنەوەمان لە چاومانداییە، چاوەک تەنیا تووکی شتەکان دەبینێت، دەستی ناگات بە جەوهەریان. هەر بۆیە جیهانبینی ئەمە بە خۆشەویستی، سێکس، مردن، کەینونە، تەنیا فەرمالیستانەیە. لە بارەی هەموو شتەکانەوە دەدوێین بە ئاوەڵای هیچمان وتبێت، هەموو شتەک دەبینین بە ئاوەڵای هیچمان بینیبێت!. یەقینمان بە ئایدیاکانمان هەیە، بە ئاوەڵای هیچ ئایدیایەکمان هەبێت. خۆشەویستی دەکەین بە ئاوەڵای خۆشەویستی بکەین، دەژین و هەناسە دەدەین بە ئاوەڵای ژیان بکەین. ئەمە کۆشەیەکی گەورەی ئەپستەمۆلۆژیمان هەیە.
من: مرۆڤی ئەمە "کورد" بوونەوەرەکی ئاکتۆل نییە، لە رووی بیر و تێڕامانەوە، لەنێوان هەردوو قەناغی "لاهوت" و "میتافیزیکیا"دا چەقیوە، بەو پێیەی "ئەگەست کانت" گۆشەی بیری مرۆڤ بەسەر سێ قەناغدا دابەش دەکات، ئەوانیش قەناغی "لاهوت و میتافیزیک و پۆزەتیڤ"ن، لە هەردوو قەناغی لاهوت و میتافیزیکیادا، عەقڵیان بە تەواوی زانست بەیار نادات، بەڵکو ئەفسانە و غەیبانییەت و باوەڕە ئاودیو سروشتییەکان ئاماژەستێی بیر دیاری دەکەن، بەڵام لە قەناغی پۆزەتیڤیزمدا فاکت و سەلماندنی زانستی دوا قسە دەکەن. ئەم قەناغەش رەحی "مۆدێرنتە"یە، کە تیایدا عەقڵ لە بەرزترین ئاست رەهەندگەیت، لە هەندێک پێیانوایە مۆدێرنتە لە ئاوابوون نزیک بۆتەوە یان لە سەرەمەرگدایە کەچی "یۆرگن هابرماس"ی دوا فەیلەسووفی قوتابخانەی فرانکفۆرت هەشتا بەرگریی لە مودێرنە دەکات وەک قەناغێکی ئاکتیڤ. بەهەر حاڵ ئەمە بەر دیاردەکانی مۆدێرنتە کەوتووین، بەڵام گەوهەرەکەی کە بریتییە لە سیستەمێکی عەقڵانی هەشتا بە ئەمە نەگەیشتووە، بەو پێیەی مۆدێرنتە تەنیا ئەو

ماتریالە تەکنەلەژیانە نییە بە ئەمە گەیشتوون.
خەم: ئەفسانە تەنیا ئەو واتایەی نییە رووداوێک بێت، لە دەروەی سیستمی عەقڵیان لەناو عەقڵی ئامێریدا جێی نابێتەوە، ئەمە ئیشکالیەتێکە "میرسیا ئیلیاد" پێداگریی لەسەر دەکات و وا بیر لە بابەتەکە دەکاتەوە ئەو پێناسەیەی پێیوایە ئەفسانە هەموو شتێکی دەروەی واقیع دەگرێتەوە، زمانێکە لەلایەن پەزەتیڤیزمەوە لە سەدەی نۆزدەهەمدا داهێنراوە, کەچی ئەمە هیچ کات ناتوانین رەهایانە ئەفسانە رەت بکەینەوە، چوونکە بنیادی رەشنبیریی و کولتووری مرۆڤایەتی لەسەر دامەزراوە. ئەمە دەبێت لەم جیهانە شواوەدا لە ئەفسانە بگەین، هەروەک چۆن فرەید توانی لە رێی ئەفسانەی "ئەدیب پاشا"وە کەشفی نەخۆشییەکی دەروونی گەورەی مرۆڤ بکات. لەلایەکی ترەوە هیچ نەتەوەیەک دروست نابێت، بەبێ ئامادەگیی ئەفسانە وەک توخمێکی بەهێز لە پرۆسەی نەتەوەسازییدا.
من: هەرچەند ئەفسانە وەک بناغەیەکی کولتووریی رەت ناکەمەوە، بەڵام باسم لە شتێکی تر دەکرد، دەموەت سەرنجت بۆ ئەوە رابکێشم لایەنگری مودێرنە نیم، بەو هەکارەی پشکۆتنە رەمانسییەکانی لەکەدارە، لەناو مودێرنەدا، مارکس لە دایکبوو کە بە بزەیانە رەخنەی تونڊ و رادیکاڵانەی ئاڕاستە کردووە. "ئالان تەرین"ی فەیلەسووفی هاوچەرخی فەڕەنسیش دیدێکی وەها دەخاتە روو: کە ئەو جیهانە ئازاد و لیبرال و بەختەوەرەی مودێرنەی پێ دەناسرایەوە، وەنە گشتگیرەکەی تێکشکاوە، بەو پێیەی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمەوە ژمارەیەک بیریار و فەیلەسووف قەیرانە ستەرکتەریەکانی مودێرنەیان ئاشکرا کردووە. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە باسم لە پشکۆتنی بیر کرد بەپێی ئەو قۆناغانەی "ئۆگەست کۆنت" دیاری کردوون، لەگەڵ ئەمەشدا ئەفسانە وەک بەشێک لە قۆناغی لاهوتی لە فۆرمە سەرەتاییەکەیدا زمانی عەقڵی مرۆڤ دەرین بووە، وەلە وەک "میرسیا ئیلیاد" هەمای بە کردووە جیهانی مودێرنیش کەمێک ئەفسانەی نوێی تایبەت بە خۆی بەرهەم هێناوە.
خەم: کەواتە خۆشەویستی لە سەردەمی مەدێرنەتە، ئەدگاری چۆنە؟.
دەموەت بەم پرسیارە بخزمە ناو پرسێکی ئاڵۆزەوە، ڕەنگە ئەمە ئەو پرسیارە زۆر گرانە بێت، وەڵامێکی دەنیا و ئاسانی نەبێت، یان وەڵامێک نەبێت بتوانێت هەموو ڕەهەندەکان ئەنالیز بکات.
من: مودێرنە لە راستیدا ناوەکی تری عەقڵی ئامێریە، لە ڕووی ئابووریەوە مودێرنە سەرمایەداریی بەرهەمهێنا، لە ڕووی سیاسیەوە دەوڵەت نەتەوەی دروستکرد، کە بریتییە لە سیستمی دیسپلینسازیی و چاودێریکردنی هاوچەرخ. خۆشەویستی لەم چوارچێوەیەدا لە ژێر هەژمۆنی سەنگەی ئەوەی لە بری خۆشەویستی، مودێرنە هەمەن

بە چڕگرایيکی ئەبستراکت دەدات، هەروەک فوکۆ باسی دەکات مەدەرنەتە بريتيية لە ڕووشی ئاسايیکردنەوەی شتە نائاسايیەکان، بە هەمان شێوەش نائاسايیکردنەوەی بابەتە ئاسايیەکانە!. ئەمە جيا لەوەی مودەرنە هەميشە بشکۆ لەو خيالدانەی جيهانی خۆرئاوا بە ناوەند پێناسە دەکات و هەڵگری ئەو نەزعە سێنترالیزمەيە لە هيگڵەوە بگرە پێش ئەويشەوە درێژ بۆتەوە تاکوو ڕۆژگاری ئەمەمان، لەناو ئەم نەزعەيەدا منەکی ڕۆژهەڵاتی بە ئەوەی بەمە ناو دنيای مودەرنەوە دەبێت پێشاکی ڕۆژهەڵاتييانەی خەم دانەم، ئەمە شتەکە فوکۆ لە کتێبی "وتەکان و شتەکان"دا بە ڕوونی باسی لێوە دەکات کە مودەرنە ناتوانێت خۆشەويستی دروست بکات و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پێکەوە کەبکاتەوە.

خەم: لەو باوەڕدام ژيارێ ئێستای مرۆڤايەتی تەنيا لەسەر عەقڵی پێتی وەستاوە "وشەی عەقڵی پێتيم لە کانت خواستووە". لەم شارستانێتييەی ڕۆژهەڵاتی سەرمايەداريی و دەسەڵاتی بەرسەڤ و کەمپانياکاندا، هەستی مرۆڤ بەهايەکی ئەوتەی نييە، مرۆڤی نوێ يان هاوچەرخ فەرمەکی تازەتر لە کالیگەلا، دەندەيە بە ئەوەی هەست بکات هەموو شتەک لەسەر دەستی بەرەو پايان دەچێت. لە کاتەکدا ژاک لاکان و کەی ئيمپريستەکانی تر تەنانەت خودی زانستيش وەک دەرهاويشتەی هەست دەبينن، هەرچەند بە تەواوەتی لەگەڵ ئەوەم زانست بەرئەنجامی وەگەڕخستنی عەقڵ، بەڵام بە من هەستيش گرنگيەکی لە راددە بەدەری هەيە. لە باش لەوە تەدگەم مرۆڤ هەستيارەکان لەم شارستانيێە نوێيەدا پێناسەکانی شتيان بەسەردا پراکتيس دەکرێت.

من: ئەندرێ ژيد رايەکی زۆر سەيری هەيە کاتەک دەڵێت "بە هەست و سۆزی جوان، مرۆڤ ئەدەبی خراپ دادەهێنێت"!. لەڕەدا ڕوونە هەست پێچەوانەی عەقڵە، ئەگەر زانست تەنانەت ئەدەبيش پێويستيان بە هەست و سۆز نەبێت، ئەوا پێيوەندیی کەڵايەتی و ژيانی کەلەکتيڤی مرۆڤ دەيخوازێت، ئەو راددە بەرزەی وەگەڕخستنی عەقڵ کە شەشەکی تەکنەلۆژيی گەورەی هەناوەتە ئارا، سەرباری هەر ئاسانکاريەک بە ژيان بە ئەندازەيەکی زۆرتر تەنگەبەری بە دروست دەکات، بەو پێيەی مرۆڤ لە هەست دادەنێت و وەک کەمپيوتەرەک تەنيا بە ژيرانە کار دەکات. ئەگەرچی ماتريالیستم، بەڵام مرۆڤ تەنها وەکوو ماتەرەک نابينم، زانست خۆی ئەوەی سەلماندووە تەنيا پێنج دەر سەدی پێکهاتەی جيهان لە ئەتەم پێکهاتووە. لەم ڕوانگەوە بە قەد عەقڵ، مرۆڤايەتی پێويستی بە هەستی مرۆڤانە هەيە، ئەگەرنا سەرباری هەر پەرەسەندنەکی عەقڵی و پێشکەوتنی تەکنەلۆژيا، مرۆ لە دەخی دەندايەتی ڕزگار نابێت. هەروەک ئەمەی ئێستا.

خەم: مودەرنە هەر زوو وەرچەرخا بە دیسپلتيزمەکی نوێ لەسەر دەستی

رژیمی کاپیتالیزم، ئەگەر لە ناو مودێرنەدا، وەک تە ئاماژەت پێدا ئەگەر مارکس هەبێت، بە دیوەکەی تردا "هیتلەر و فرانکۆ و مسۆلینی"ش هەن، بە مانایەکی تر فاشیزم و نازیزم دوو دەرهاویشتەی ئەجگار وەحشەتناکی مۆدێرنەتەن، لە راستیدا هەوڵەکانی یەرگن هابرماس بۆ هاوسەنگکردنەوەی مۆدێرنەتە و گونجاندنی بە فۆرمێکی هارمۆنی لەگەڵ ژیانی راستەقینەی مرۆڤ، زۆر تراژیدیی کڕوتڕوە، بەو پێیەی مۆدێرنەتە لەمە زیاتری پێ نییە بۆ مرۆڤایەتی.

من: خۆیاڵێکی تەقەنەرم هەیە. هەنووکە زەوی زۆر ماندووە، کێشوهەوا تێکچووە، بایادەستی تەکنەلۆژیاش لەسەر وێرانکردنی زیاتری ئەم هەسارەیە ڕاوەستاوە، مرۆڤ گەیشتەتە ڕادەیەکی پشکۆتنی وەها گەورەیی بە نییە، لەم ئانوساتەدا دراماتیزەی کە تەوژمێنەوە میتۆرۆلۆژیەکان هەموو زەنگەکانی مەترسییان لێداوە، پێی بڵێم ژمارەیەک مرۆڤ هەن دڵنیاوەت بە یارمەتی تەکنەلۆژیا هەواری خۆیان بۆرەو هەسارە یان ئاستێرەیەکی تر بگوازنەوە، لەوەوە شانشینی خۆیان لە ئاسمان دابمەزرێنن و فەرمانڕەوایی بکەن بەسەر زەوینشیناندا، تە هیچ کات بیرت لەم ئەگەرە تەقەنەرە نەکردەتەوە؟، ئەمە تەنیا خۆیاڵێک نییە، بەڵکو ئەگەرێکی بەهێزیشە. ئەگەر ئەوە ببێتە دیفاکتۆ، کەواتە ڕووشی ژیان لەڕە چۆن دەبێت؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە منی سەرقاڵ کردووە بەخەیاڵەوە.

خەم: بەگومان ئەوە ئەگەرچی خەیاڵیش بێت، بەڵام خەیاڵ سەرچاوەی هەشمەندیی و زانستە، بە وردبوونەوە لە سینەمای "هەلیود" ئەم خەیاڵە زانستییە ئەگەرەکە و لە مەژە کاری بە دەکرێت، لەو سینەمایەدا نموونەی ئەمەریکی وێنایەکی سوپەرە، تەنانەت لە شێوەی مرۆڤ و بوونەوەرە ئاسمانییەکاندا ئەمەریکا سەرکردایەتی زەوی دەکات، لە ئەگەرەکی لەو چەشنەی تە باسی دەکەیت، ئەو شانشینە ئاسمانییە ئاڵای ئەمەریکای لەسەر چەقێنراوە، لەوانەیە کێشکی سپی بگوازنەوە بۆ ئاسمان، دیمەنەکی سوریالییە، بەڵام مومکینە، چوونکە وەک ئاماژەمان پێدا عەقڵی ئامەریی هەر جۆرە هەست و خێشویستییەکی کردووە بە چەشتەکی فەلکلۆریی کە هارمۆنی نییە لەگەڵ ئەوەی مرۆڤی نوێ دەیخوازێت.

من: بابەتەکە بۆرەو شوێنەکی تر، ڕەیشت، ئەمە وتەزایەکی گرنگی "محەمەد شوکری"م، وەبیر دێنێتەوە کە دەڵێت "ئاسیا سەرەتای مژووە، ئەوروپاش بەشوێیەکی ڕەها کۆتایی مژووە". بەزاریی لەوەی "ئەوروپا بۆتە کۆگایەکی مژوویی چەک و تەقەمەنی" مرۆڤی ئەوروپایی تووشی شەک کردووە و بە دوای جوگرافیای خۆنەکانیدا دەگەڕێت، ئەگەر ئەوروپییەکان لە مژوودا بە دوای سەرچاوەکانی زەدا گەڕابن لە دێزینەوەی ئەمەریکادا، ئێستا بە دوای ئایندەی خەیاڵەوەن لەو

کیشوەردا، ئەم دیاردەیەکە لە "ناپلیۆن"ەوە درێژ بۆتەوە تاکو ئەم چرکەساتەش. ئەستا کە باسی خرئاوایان باکوور دەکرێت، رووی دەممان لە ئەمریکایە، سیاسەتی ئەمریکیش بزوێنەری سیستمی چینایەتییە، بەو ئەندازەیە بەرەو هەڕەشان دەڕوات کە بیر لە شانشینکی ئاسمانی دەکاتەوە.

خەم: لەوە دەچێت بانگەشەی لایەنگریکردن پەست مەدەرنێتە بکەیت، بەو پێیەی روانگەکانت هەم دژی زانستە، کە ئەمەش بەشێوەیەک لە شێوەکان لای مارتین هایدگەر دەردەکەوێت، هەم لە دژی ئەو راپەڕینە عەقڵانییەی لە ڕەشنگرییەوە دەستی پێکردووە، وەک لە ناوەکەشیدا دەردەکەوێت پەست مودەرنە، درێژەپێدەری مودەرنە نییە، بەڵکو لە بەرزترین ئاستدا ڕەتکەرەوەیەتی.

من: پەست مودەرنە، یەک فەرمی کۆنکرێتی نییە، بەڵکو چەمکێکی ئاماژە، بە دیدی لایەنگرانی ئەم بزاڤە هەموو شتێک بەرهەمی زەمەن و ڕکەوتە، بۆیەکا هەر شتێک لە دەوروبەرماندا بەشێوەی ڕەها لە ئارادا نییە، بەڵکو هەبوونێکی نیسبیان هەیە، ئەمە بە خودی زانست و راستیی و ئاینەکانیشەوە، تەنانەت جیاوازیی نابینن لە نێوان زانست و جادووداە، جیا لەمەش پەست مەدەرنێتە تەواوی جیهان وەک گرتەیەکی قیدیی دەبینێت، ئەمەش لە روانگەی "بەردیار"ەوە دەردەکەوێت کە نکۆی لە ئەپراسیۆنی سەربازیی ئەمریکا بە سەر عەراق دەکرد و وەک ئەکشنکی سینەمایی دەیبینی، ئەمە جیا لەو بەمانایەی خنکێنەرەی ئەوان تێی کەوتووون، بۆیە ئەکتاڤیە پاز هەمیشە لە بارەی لاتین ئەمریکاوە دەیووت پەست مودەرنە بە کاری ئەمە نایەت، منیش رایەکی نزیک لەوم هەیە. جیهان لە بەشایەدایە، دەبێت مرۆڤ بیر لە پاشەڕۆژی خۆی بکاتەوە، ئەوەی هەیە هەموو بەرەو داهمان دەڕوات.

خەم: هیچم نەماوەتەوە بە وتن. بە ئەم پایزی مرۆڤایەتییە، تەنیا دوو دەڕپ فرمێسکی رووونم هەیە.

٢٠١٨-١٢-١٦

کاتژمێر: شەش و سی و پێنج خولەکی بەیانی

"وردە وردە بەفر دەبارێت"

نەخشخانەی گلیاد ئاینس – شتاسیۆنی نەرلەگی

ڕەی سازشتکاران لە مانەوەی دیکتاتۆریەت لە ئێراندا!..
عەبدوڵڵاحمان گۆورکی

ئاوەدانووەیەک لە سەرتای بەرنگاربوونەوەی دیکتاتۆریەت لە ئێران
عەبدوڵڵاحمان گۆورکی، نووسەر و شرۆڤەکاری سیاسی

هەموو سایەک بە نزیکبوونەوەمان لە ناوڵڵاستی سایی زایینی، پرسکانی پێویست بە ئێران لە ئاستی جیهانیدا دەگۆڕن "لووتکە". زۆر رووداو لە گۆڕەپانی سیاسیدا روودەدەن کە هەریەکەیان گرنگییەکی تایبەتیان هەیە. ئەمسا چەندین نموونەمان لە ئەوروپا بینی. لە نەویاندا ئازادکردنی دیپلۆماتکاری تیرۆریست (ئەسەدوڵڵا ئەسەدی) لە بەلژیکا و درانەوەی بە ئێران لە ٢٦ی ئایاری ٢٠٢٤، ئازادکردنی جەلاد و خونەگر و ئەشکەنجەدەر (حەمید نووری) لە سوید و درانەوەی بە ئێران لە 10ی جون (حوزیران)ی ٢٠٢٤. لەڕدا و لەم ڕۆژانەدا پرسیارێک دەتە پێشەوە، بۆچی؟ چ دەبە بکرێت؟
لە ناوخەی ئێراندا، لە کۆتایی مانگی سێپتەمبەر (ئەیلول)ی ٢٠٢٢، ڕاپەڕینی گەل، لایەنی (سەرانسەری)ی بە خەیەوە گرت و رژیمی هەژاند. سایەک دواتر، "شەی غەزە" لە لایەن ئەم رژەمەوە لە ڕژهەڵاتی ناوڵڵاست دەستی پێکرد و تا ئێستاش بەردەوامە. ڕەی ڕژیمی ئێران دژ بە وەاتی ئێکرانیا کاردانەوەی جیهانی هەبووە و نکەی لە ناکرێت!

سەرتای هەی سازان لەگەڵ دیکتاتۆریەتی ویلایەتی فەقیهی!
ناوڵڵاستی سایی زایینی لە نیو سەدەی رابردوودا، بیرهەنەرەوەی زۆر بابەتی گرینگی مێژووی ئێرانە. لە مانگی حوزەیرانی سایی ١٩٨١دا دیکتاتۆری ویلایەتی فەقیهی گەیشتە لەواری (ڕووخاندن) لەلایەن هەزی سەرکیی کەمەگاوە لە ئێران. هەر بەیە (خومەینی) خەپیشاندانی نیو ملیەن کەسی تارانی پە قبووە نەکرا و بە ڕگەی سوپای پاسدارانەوە خەتانی خونی کرد. دواتر هەرچەشنە چالاکیەکی سیاسی لە دژی رژەمی ویلایەتی فەقیهی قەدەغە کرا و لاپەیەکی نوە دەستی پێکرد! ئەعدامکردنەکان کۆرانە و بە شێوەیکی بەرفراوان لە سەرتاسەری ئێران دەستی پێکرد. دواتر بەیز مەسعوود ڕەجەوی لە ٣٠ی پووشپەڕی ١٣٦٠ (1981ز) "ئەنجومەنی نیشتمانیی موقاومەتی ئێران"ی لە تاران

دامەزراند و لە ٧ی گەلاوێژی هەمانساڵ بەرەو پاریس بەجێکەوت و بە هاوپەیمانی لەگەڵ ژمارەیەک لە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی رژێمی ئێران (ئێتتەرناتیڤی دیموکراتیکی حکومەتی ئێران)ی پێکهێنا کە سەرۆکایەتی پیلانگێڕانی لایەنگرانی کۆنەپەرستی و کۆلۆنیالیزم، هەشتا تاکە ئێتتەرناتیڤێ کە لە بەرانبەر دەسکەوتاتی ئایینیی ئاخوندان رێگەی سەرکی دەگرێت!
دوای پێکهێنانی "ئێتتەشی ئازادیبەخشی میللی" لە مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٦ (1987ز) لە سەر سنووری کانی ئێراندا، ئیم ئێتتەسە لە ٣٠ی جۆزەردانی ١٩٨٨دا گورزێکی کوشندەی وەشاند لە دیکتاتۆریەتی خومەینی و بەرەو ئاوە دەچوو کە بە خرایی دەسەاتی دیکتاتۆریی خومەینی بەووخنەت. خومەینی بە مانووی رژەمەکەی، لە ترسی ئاوی رژەمەکەی لە لایەن ئیم ئێتتەشەوە بەووخەت، بە چواشکاریەوە ئاگربەستی ٥٩٨ی نەتەوە یەکگرتووەکانی قبوڵ کرد و توانی بە هاوکاریی سازشتکارانی رژئاوایی لە رووخاندن رزگاری بکات و لە سەر پێ بمێنێتەوە! هەر دوای ئیم رووداوە بوو کە خومەینی بە دەرکردنی فەتوایەک، فەرمانی کەمکوژکردن و ژینسایدی موجاهیدینی خستە بواری جێبەجێکردنەوە. سانسەر لە میدیای حکومەتدا پێیوو و کرا و زیاتر لە (30) هەزار زیندانیی سیاسی، کە زەربەیان ئێندام و لایەنگری موجاهیدینی خەلق بوون، لە سێدارە دران. میرغزەبانی خێنەژ، (ئیبراهیم رئیسی) و (مستەفا پورمحەمەدی) ئێندامی دەستەی جێبەجێکاری مەرگ بوون لیم تاوانەدا. تاوانێک هێندە گەورە و قزەون بوو کە جێنشینی خومەینی لەو کاتەدا، بەڕێز (حوسێنعەلی مەنتەزەری) ناڕەزایەتی دەربڕی و ئامۆژگاری بوو هەی لەسەر کار لادانی و پاشان دەستبەسەرکردنی ناوبراو لە ماڵەکەی خێیدا تا کاتی مردنی.
ئیم قۆناغە هەرگیز نەگێشتە پلەی (ئاشتی) لەگەڵ عێراق و پیلان و هەرشەکانی ئیم دەسەاتە لەسەر خاکی عێراق بەردەوام بوو. چونکە دیکتاتۆری ئێران باوەڕی بە ئاشتی نەبووە و نییە و دەسەاتێکی تۆتالیتاری کۆنەپەرستانەیە و فرەخوازە. دیارترین لایەنی ئامکارەش، بەرپاکردنی ئاو شۆڕیە لە دژی وەاتانی ناوچەکە و تێنانێت بەشداریکردنیەتی لەو شۆانەدا کە دوورن لە سنووری کانی ئێران. مەبەست لیم بەشداریکردنیش، بە لادابردنی سەرنجی گەلانی جیهانە لە سەر بارودۆخی ناوخۆی ئێرانە بەرەو شتیتر. ئامێش وەک فاکتەری هەمیشەیی ئیم رژەمە.
پەیستە بگوترێ وەلی فەقیهی دەسەاتدار توانبووی لە پەوەند لەگەڵ ئیم کەمکۆژیە دەقانەیەدا لە ساڵی 1988، ئاو لایەنانەی تینووی (دار) و (نەوت)ن، وا لێبکات گرێبەستی لەگەڵدا ئیمزا بکەن بە ئاوەی ئیم دەسێیە نەکانەوە، کە بە گوتەی زۆرێک لە مافناسانی

بەرجەستەی نەبوونەتی، (تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی) و (ژینوسایدی).
ئەزموونکان سەلماندوویانە کە سازان لەگەڵ رژێمی دیکتاتۆریی مەزهەبی ئێران لەگەڵ دەستایەتیکردنی خەڵک و موقاومەتی ئێران یەک ناگرێتەوە. مەحاڵە رکابەری سەرکی کە مەبەست هەمان (ئاڵترناتیڤی دیموکراتیک)ە بخرێتە پشت گوێ. لەم ساڵانەدا، ڕووتی کۆنەپەرستی و کۆلۆنیالیزم زەر جار هەستان بە داتاشینی "ئۆپتەرناتیڤ" بۆ ئەم رژێمە تیرۆریستییە و هەندێک کەسیان بەرجەستە کرد و لە ڕووی سیاسی و پروپاگەندا وەک پشتیوانییان لێکرد و بە دروشمەکانی بریقەدارەکانی خۆیان، دروشمە ڕاستەکانی گەلیان خستە پەراوێزەوە و بیروڕای گشتی خەڵکی ئێرانیان بە لاڕێدا برد. بەڵام جگە لە شکست هیچیتریان پێ نەبڕا. چونکە ئاوەی چاندبوویان ڕەگ و ریشەی لە کەمەگەی ئێرانەدا نەبوو!

وشەی کۆتایی!
بەرچاوترین کەبوونەوەی ساڵانەی موقاومەتی ئێران لە ناوەڕاستی ساڵی زایینیدا لە ئۆروپا، کابوسی ساڵانەی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ئێرانە. هەر لەبەر ئەم هەکارەیە کە ساڵانە هاوڕێی سیاسی و دیپلۆماتیکی و تیرۆریستی و پۆپاگەندەیی بەرفراوان دەدات بە ئاوەی بتوانێت ڕەگری لە بەرچاوترینی گردبوونەوەکە بگرێت. ساڵی ٢٠١٨ دیپلۆماتکاری تیرۆریست، (ئاسەدوڵا ئاسەدی) وەک فەرماندەی تاقمکی تیرۆریستی، کە هاوڕێی تەقاندنەوەی ئەم گردبوونەویان دابوو، لەگەڵ گرۆپە تیرۆریستییەکەی دەستگیر کران و خرانە ناو زیندانەوە.
ئەمساڵیش لە سەروبەندی ئەم گردبوونەویەدا، لە پیلانکی گاڵتەجاڕانەدا و بە ئازادکردنی بارمتەی فەرەنسی، سازشتکارانی ئەم وڵاتەی ناچار کرد یەکەک لە بنکەکانی موقاومەتی لە فەرەنسا بپشکنن، کە هەبەت زەری نەخایاند دەرکەوت کە ئەم هەنگاوە لەلایەن ئێرانییەوە دیاری و ڕێنوێنی کراوە! لە پیلانگەڕێلی هاوشێوەدا، بە ئازادکردنی بارمتەی سویدی و بەلژیکی، بکوژان و تیرۆریستان (حەمید نووری) و (ئاسەدوڵا ئەسعەدی) گەیانەوە تاران!
ئاگەرچی ئەم کردەوانە قەزەون و دژ بە پێوەرەکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤن لە جیهاندا، بەڵام لە هەمان کاتدا، ئاو راستییە دەسەلمێنن کە "سەری ڕژێمەکانی ویلایەتی فەقیهی" و "بانکەوانی تیرۆریزم لە جیهاندا" لە (تاران)ە و نابە پشتگوێ بخرێت. پێویستە سەری مارەکە لە تاران پان بکرێتەوە بە ئاوەی جیهان و ناوچەکە و ئێران لە تیرەڕ رزگاریان بێت و ئاسایش و سەقامگیری و ئاشتی و پێکەوەژیان بە جیهان بگەڕێتەوە!

شتێ وەک چیرۆک.. نووزاد بەندی

نا ..نا ..

پەویست بە هەمان ناکا .. ژیانی تەکەای خەکی ئەرێ ئەتوانیت بە لاپەیەک باس بکەیت ..ژیانیان شوێنی تێدا نییە ، چونکە شوێن بە خەیان ناگرن .. پاڵەوان و هەوداویشی تێدا نییە ، تەنها هەوداوەکی تیایە ئەویش کەناەکی سەتەلایتە .. ئە هەمان ئەبە شوێن و کات و هەواو و پاڵەوانی تێدا بە ..واتا لەرێ تەنها کات هەیە ، مانەوەی کاتیش لەبەر ئەوەیە دەستاتیان بەسەر خولانەوەی زەوی و خەردا نییە ، ئەگینا هەژیان ئەکرد بە دوو سەعات یان بە چل سەعات ..هەرچەندە لە هەووی خزمەتگوزاری و شتەکانی تریش ، دەستکاری کاتیشیان کردووە ، بە نمونە فەرمانبەران پێنجا هەژ جارێک موچە وەردەگرن .. هەندە جار نەوەد هەژ جارێک ، وەک مژدە و دەسکەوتێک موچەیان بەسەردا دابەش ئەکەن ، یان هەبژاردنی پەرلەمان و سەرکایەتیی لە جیاتی چوار ساڵ جارێک ، ئەبەتە شەش ساڵ یان هەشت ساڵ و زیاتریش .. ئەو کاتە درەژ ئەکەنەوە ، لەمسەر و لەوسەرەوە ئایئەکەشن .. کەواتە ئەتوانیت بڵێیت لەرێ کاتیش بوونەکی ئاسایی نییە .. ئیتر هەمانی چی ؟ .. نەوەتا ، ئەتوانیت بە کەمتر لە لاپەیەک چیرۆکی ژیانی زیاتر لە شەش ملیەن کەس بنوسیتەوە .. یان ئاستر ئەتوانین بڵێین چیرۆک نییە ، ناساندنی پارچەیەکی دابەاو لە مرۆقایەتییە .. یاخود مرۆقگەلێکی ناوچاەک ، کە سەدان ساڵ پێش ئێستا باپیرە هەرە گەورەکانیان ، لە کاتی شەە تەای نەوانیاندا ، کەوتونەتە ناوچاەکەوە .. لەگەڵ ئەوەی شوێنەواری تەایەکی زەر بە سەر و گوڵاکیانەوە دیار بووە ، بەام نەمردوون و .. لەناو چاەکەدا زاوزێیان کردووە و زەر بوون .. ئیتر وەرە پێناسەی ئەمە بکە ، شەش ملیەن کەس لەناو چاەکدا ، ئەژین و زاوزە ئەکەن و .. هەندەکیشیان جار و بار لە چاەکە دێنە دەرەوە ، ئەەن بە تورکیا و ئێران و حەج و عەمرە و دوایی دێنەوە ، فەق بە ناو چاەکە .. دیسان دێنەوە دەرەوە و .. ئەەنەوە بە تورکیا و ئێران و حەج و عەمرە ..بە جۆرێک تیایاندایە دوانزە جار چووە بە تورکیا ..بیست و یەک جار چووە بە ئێران .. هەژدە عەمرەی کردووە .. هەشتا تریان لە تورکیا

و ئەران و عەمرە نەخواردووە .. بە جۆرێکیش لە جۆرەکان ئەوانەی لە تورکیا تۆریان نەخواردووە ، هەقیان لەوانەیە کە لە ئەران تۆریان نەخواردووە ، هەردووکیشیان پێکەوە یان جیا بە جیا هەقیان لەوانەیە کە تۆر لە عەمرە ناخۆن .. عەمرەکانیش گاڵتەیان بە عەقڵی ئەوانە دێت کە لە گشتی تورکیا و ئەران تۆر ناخۆن .. بەڵام ئێم هەق ، تەنها هەق ، واتا گۆشە ناکات بە شێوەی دەستە و یەخە ، چونکە فێربوونی شێوە بە هەموو جۆرێک قەدەغەیە .. بەو جۆرە هەر سێکیان وەک یەک وان ، واتا حەزیان بە کشک و قڵا و باخ و مارسیدسی مایباخ .. هەرسێکیان لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە و لە بەرامبەر نەوتێکی زۆردا ، مانگانە نە کیلۆ ئارد وەرئەگرن ..حەزیشیان لەوەیە منداڵکانیان ، هەر لە قوناغی دایەنگاوە فێری زمانی بێگانە بن و قەت نەمرن ..لە ژیانی خۆیان زۆر هازین و زۆرێک لە خاکی ناو ئەو چاڵە ناگەنەوە بە قەسری قەیسەریی ..
ئیتر ئێمە کەی ئەوە ئەهێنە ڕەمانی تیا خۆرج بکەیت ؟
لەوێش سەیرتر بەردەوام تەنی نەناسراو دێت و ناوچاڵەکە بەردومان ئەکا ، ئێم بەردومانکردنە هەواو نییە ، چونکە هەواو یەکجارە ، بەڵام ئێم بەردومانە وەک باران و بەفر وان ، واتا دیاردەیەکی سروشتیی زۆر ئاسایین و هیچ کەسێک بەزار ناکا ..چەند کەسێک ئەمرن و بریندار ئەبن ، ئەوانەیش بە گومان ئەجەلیان هاتووە و کەس ناتوانێ دەستکاریی مەسەلەی تەمەن بکات ، کە تەواو بوو ، ئەبێ تەواو بێ .. هەر بەیە ئەو تەنە نەناسراوانەی ئاسمان وەک قەزا و قەدەر و ..تەنانەت وەک هەزق و ڕەزیش تەماشا ئەکرێن ، وەک چۆن بارانەکەی قبوو ئەکرێ ، ئەبێ باروتەکەیشی قبوو بکرێ ..
ئیتر بەبێ هەواو ، ڕەمانی چی بنوسرێ ؟ خۆ هەرچەندە تیایشیاندایە دەیان ڕەمانی نوسیوە ..ڕەمانی وا کە نزیکەی هەندەی بلەکەکی دەیی ئەبێ ، خۆڕەکەی زۆریش خوێندوویانەتەوە و لە هیچیشیان تێنەگەیشتوون و .. جارێکی تریش خوێندوویانەتەوە .. لەگەڵ ئەوەی دیسان هیچیان لە حاڵی نەبووە ، بەڵام چەژێکی زۆریان پێگەیشتووە و .. کەمێکی تریان قەیان لە هەماڵیوە و بە زمانێ زیندووەکانی جیهانیان وەرگەڕاون ..بە ئەوەی ئەوروپیەکانیش بیانخوێننەوە و هیچیشیان لە تێنەگەن و چەژێکی زۆری لە ببینن ..بەڵام سەیر لەوەدایە ئەو ڕەمانیان وەرنەگەڕاوەتە سەر زاری تورکی و فارسی و عەرەبی ، هەرچەندە زۆرینەیان یان هەموویان لە گشتی تورکیا و ئەران و سعودیە تۆر ناخۆن ..ئەمەیش بە خێی پرسیارێکی لای یەکێکیان دروست کرد کە پاشان گرتیان و شوێن بزریان کرد .. پرسیارەکەی ئەوەبوو ، ئایا ئەوە کە تۆر لە تورکیا و ئەران و سعودیە ناخۆن ، بۆچی ڕەگا نادۆن ڕەمانەکانمان بکرێنە فارسی و تورکی و عەرەبی

تاکو ئەوانیش تێر لە ئامانەکانمان نەخۆن ؟
پرسیارێکی جوان بوو ، بەڵام وەک بڵێی زۆر جوان نەبوو .. بە واتایەکی تر ئەبوو ئەو خاوەن پرسیارەیان نەگرتایە و شوێن بزریان نەکردایە ، وەڵامێکی سادەیان بدایەتەوە ، چونکە ئاشکرایە تورکیا و ئێران و سعودیە ، وەاتانێک نین کە بە ئامانەکانی ناو چاڵێک هەڵبخەڵتێن ..ئەوان خەیشیان گاڵتەیان بە ئامان دێت .. ئامانووسەکانیان یان لە زیندانداان یان لە ئەوروپا پەناهاندن ..ئیتر ئامانی ئەمەی چی ؟ ئەوان خەریکی بازرگانی و ئاژ و وەڵن ..واتا ئەوان هەشتا لە نەوت و غاز و ئابواردن تێریان نەخواردووە ، ئیتر ئامانەکانی ناو چاڵی چی ؟! وەڵا برا من خانەی بەاو کردنەوە ئەزانم ، پێ دوو سێ لەری ئامان و چیرەکیان کردووە بەو دیوا و ..وەک زەماوەندی کوڕێ کچێک حەوت شەو و حەوت ڕۆژ گۆاویانێ ، کەس نەیوتووە کەرتان بە چەند .. ئینجا وەرە دوو سێ لەری ئامان و چیرەک بکەرەوە بەمدیوا ..
ئاخر بۆیە من پشتان کەوتم و ..وتم پۆیست بە ئامان نوسین ناکا .. تۆ کات و شوێن و ئەوداو و پاڵەوانت نییە ، ئیتر ئامانی چی ؟ بەڵام ئەوروپییەکان حەزیان لە شتی سەیرە ، بۆ نمونە نەک هەر ئامان ، سەڵکە ترخەنێیک ببەرە ئەوە ، هەموو لە دەوری کەئبنەوە وا ئەزانن چەناگەی دیناسەرەکە و .. دەیان لەکەینەوە و توژینەوەی لەسەر دەکەن .. یان سمکۆی عەزیز وەیسی .. شمشاڵەکەی قاڵە مۆ ..یان گەرانییەک وەک لورە لور ، تەمار بکە ، هەموو ئەوروپا لەچوار دەوری کە ئەبنەوە .. چونکە ئەوان لە نەوت و گاز تێر بوون .. لە قەناغی دوای قەقنە و خەکشانەوەدان ، بۆ نمونە حەز ئەکەن بزانن سمکۆی عەزیز وەیسی لە چەند داو پەکهاتووە ..هەر بۆ جەرەیش ئامانەکانمان کە خەمان نازانین باسی چی دەکەن ، لای ئەوروپییەکان ئەبنە جێی بایەخ ..ئەوان وەک ئامان تەماشای ناکەن ، بۆکو وەک پارچەیەکی پێش ملیۆنێک ساڵ تەماشای ئەکەن و چێژی لە ئەبینن .. تیایدا بۆ دەسخەت و بەردە دەسکەلاکانی دەستی نیاندەرتاڵ و کۆمانیەم ئەگۆن .. واتا ئەوان وەک شتەکی سەیر ئەیخوێننەوە ، ئامانێک لەناو چاڵدا نووسرا بۆ ، شتەکە جێی بایەخە .. وەک ئەوە وایە بۆی مردوویەک لەناو گۆڕدا پێ یەک تاوە هەڵکە و ئانی دروستکردووە ، لەڕدا ئەوروپییەکان حەزیان لە هەڵکە و ئانەکە نییە ، لەگەڵ ئەویشدا هەموو لە چواردەوری کە دەبنەوە ..وەک چۆن لە دەوری فیلمی ساتێک بۆ مەستی ئەسپەکان کەبوونەوە ، ئەوان وەک ووداوەکی هات و چۆ ، یان بومەلەرزەیەک تەماشایان ئەکرد ، کە چۆن منااگەلێک ئەو هەموو کۆمە لە خەیان دەنێن و بەناو بەفرا ، شاخەکان ئەبڕن ..شتی وا لە ئەلیادە و ئەدیسەیشدا ووی نەداوە ،

بەڵام ئەمە واماندەزانی ئەوان بە هونەری ئەمە دەڵێن ، لە کاتێکدا هەر زوو ئەو فیلمە لە یاد چوو ، چونکە بومەلەرزە و لافاو تەنها لە کاتی ڕوودانیدا خەڵک لە دەوری کە ئەبنەوە ، دوای ئەوە هەر کەسێک ئەڕوا بە لای ئیشی خۆیەوە ..ئەمە دووبارە کردنەوەی ئەوە ، واتا ئەوروپییەک کە بە دیار فیلمێکی یەماز گیونایەوە دادەنیشێ وەک ئەوە نییە بە دیار فیلمێکی تەم هانکسەوە دانیشێ ، لەوەی یەکەمدا تەماشای شتێکی سەرسوهێنەر ئەکا وەک کەوتنە خوارەوەی نەیزەکێک ..بەڵام لەوەی دووەمدا ، هونەری سینەما و ئوناکی و فلاشباک و شتەکانی تری فیلم تەماشا ئەکا ..
واتا ئەو منااڵی تەشتە گوێە بەڕۆژەکەی ڕۆاوە و خەڵک لە دەوری کەبوونتەوە ، وەک کەبوونەوەی ئەو خەڵکە نین لە تەماشاکردنی فیلمی کچە شقارتە فڕشەکەی ئەندرسندا ، هەردووکیشیان خەڵکێکی ئەورووپیی دەوڕی داون ، بەڵام یەکەمیان نەگبەتییە و هونەر نییە ..لە کاتێکدا ئەوەی دووەمیان چیرۆکێکی هونەریی پێ لە فەنتازیایە ..
هەرچەندە ئەمە وا دەزانین لەبەر تامی هەلکە و ئانکە ، ئەورووپییەکان کە بوونتەوە .. چونکە گەر ئەو مردووەی لەناو گۆڕەکەیدا هەلکە و ئانکەی ساز کردووە ، نیشانی تورک و فارس و سعودییەکان بدەین ، هەر تەماشایشی ناکەن .. ئە ئەوان هەشتا تەریان لە نەوت و گاز نەخواردووە ، ئیتر هەلکە و ئانی چی بخەن ؟ خەیشمان بە هەمان شێوە کاتە تەرمان لە گەشتی عەمرە و تورکیا و ئێران نەخواردووە ، ئامادە نین بیر لەوە بکەینەوە کە چەن مردوویەک پێ تاوێک هەلکە و ئانی دروستکردووە ..
هەر بەو شێوەیە ئەورووپییەکە کاتە بە زاری هەڵپچڕاوەوە ئەمانکانمان ئەخوەنتەوە ، هی ئەوە نییە کە هونەرێکی بەرزی ئەماننوسین ئەخوەنتەوە ، بەڵکو هی ئەوەیە کە چەن لەناو چادا خەڵک فڕی خوەندەواریی بوون و ئەتوانن شت بنووسن ..
بەڵام ئەوانەی لای ئەمە لەوە تێ ناگەن .. ئەیانەوە بەڵێن ئەمەیش ئەمانمان هەیە ..ئەمەیش شتین .. کەچی لە پێ ئومانتوس مەعنا لەناو چاڵەکەدا نامێنێ ، ئەڵێن بە ووڵاتە ئەورووپییەکان ، داوای مافی پەناهاندەیی ئەکەن ، ئیتر کابرای ئەوروپیی نازانێ بەڵێ چی ..یان ئاستر ناتوانێ تێی بگەیەنێ کە ئەو ئەمانتوس نییە ، بەڵکو ئەو کەڵەپورناسە و ..شتی زڕ کەن و سەرسوهێنەری نیشان داون ..ئا لەرەدا ئیتر کەبوونەوە ئوودەدات .. کەبوونەوەی لاپەڕەیەکی زڕ ، کە چەندەها جار ئەخوێنرێنەوە ، بێ ئەوەی هیچی لە حاڵی ببن ، بەڵام چۆڕی لە ئەبینن .. واتا شتی وا لە مێژوودا ئووی نەداوە تێ لە پاریس دانیشی و ..ئەمان لەسەر سابونکەران بنوسیت ..یان لە

بەرلین ، سەشیاڵ و ڕۆمان و داهێنان پێکەوە بکەیت بە کۆکتێل ، لە چاڕکەیشدا دوور بە دوور ، موچڕی لێوا ڕوکنت بە ببەستن .. بە ئاوەی نهێنییەکان نەبێتە دڕاوە ، یان هیچ نەبێ بە شکۆداریەوە باس لە چاڕکە بکەیت .. لە کاتێکدا ئاوروپییەکانیش بڕە بڕە بەزار ئەبن .. واتا گۆران بە ناو مەزەخانەدا ، چەند خولەکێک خۆش و ئەبێ ئیتر بێ جێی بڕێت …
ئیتر ڕۆمانی چی ؟
ویستم بە خڕایی باسی دووان بکەم ، کە سەرەتا ویستیان کەمپانیایەکی گەورەی شیرەمەنیی دامەزرێنن ، کە ئاستەنگی کارەبا و باج و پشک پشکێنێ یەخەی گرتن ، بەیاریان دا جارێ دەرهەق بە زروف و زەمانێ ، پاشکشێ بکەن و لەماڵی یەکەکیان پەنیری مۆڕە بەرهەم بهێنن ، دوای ئاوە کە بەیان دەرکەوت ناتوانن کەبەکە لەگۆڕە بازاڕدا بکەن ، بەیاریان دا ڕۆژانی هەینی لە سەڕقەبران بازاڕی بە پەیدا بکەن ، چونکە بە ڕۆژانی هەینیدا خەڵکەکی زۆر دێنە سەردانی گۆڕستان .. لەوەدا پۆلیس ڕێگریان لە دەکا و ..ئەمانیش مکوڕن لەسەر فرەشتنی سەلکە پەنیرەکان ، ئیتر یەکەکیان ئەکوژرێ و ئاوەی تریشیان بە یاسای خراپ ساغکردنەوەی پەنیر دەست بەسەر ئەکرێ ..

نەوزاد بەندی

قوتابخانەی ئازادی.. ئامادەکردنی شەماڵ بارەوانی

قوتابخانەی ئازادی، ڕۆمانێکی نووسەری ژاپۆنی(شیشی بەنرەکێ)یە.

نووسەر لە ساڵی١٨٨٣ لە دایکبووە و لە ساڵی١٩٦٩ کۆچی دوایی کردووە. ڕۆمانەکە لە دووتوێی کتێبێکی قەبارە(٣٠٥)لاپەڕەیی و ١٨ بەش پێکهاتووە. شیشی بەنرەکێ، بەرهەمەئدەبییەکانی لەژێر ناوی خوازراوی(ئیواتا تویو)بەناودەکردووە و لە دنیای ئەدەبدا بەو ناوەوە ناسراوە. قوتابخانەی ئازادی، پەفرەشترین ڕۆمانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردووبوو.
خوێنەر لە ڕێگای ئەو شاکارە ئاشنای کولتووری ژاپۆن و سروشتی

ژیانی تاکی ژاپۆنی لە ژاپۆن دەبێت و چینەکانی ئەو کەمەگەیە دەناسێت و گشتکی شۆقامکانی تۆکیۆی پایتەخت دەکات و هەموو ئەو شتانە دەبینێت کە تێیدا ڕوو دەدەن. بە تایبەتی دوای ئەو تراژیدیا و شکستەی ژاپۆن، کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە تووشی بوو.
بیرکەی سەرکی قوتابخانەی ئازادی، باسکردنە لە ئازادی، لە ڕۆگەی ئەو ئازادییەی داگیرکەران دەیانوێت لە ڕۆگای دەستوورکی نوێ کە لەساڵی١٩٤٧ بە ژاپۆن دەینووسن و دەریدەکەن. پاڕۆوانی سەرکی ڕۆمانەکە(ئیمیسکی)یە. کاتک ئەوەی ژنخوسپێنەرەکەی(کەماکە) پێی دەڵێت لە ماڵەوە بێ دەرەوە. دوای ئەوەی هەواڵی ژنکەی دەدات دوای زیاتر لە نە ساڵ دەستبەرداری کارکەی بووە و لە دەزگای هەواڵی تۆکیۆ، ئیدی دەڵوات و ماڵەوە جێ دەهێڵێت و دەیەوێت لە دەست کتوبەندی ژنکەی و کارکردن و هەوڵدان بە پارەبەدەستهێنان ڕزگاری بێت. ئەو، گشتی گۆڕان بە دوای ئازادی و دەزینەوەی جیهان و پێنهانکان و نەزانراوکانی دەست پێدەکات. گشتکی کەمدی و پێ لە سەرکەشی. ئەو گشت و دوورکەوتنەوەیەی دواتر گۆڕانکاری لە کۆسایەتی کەماکەی هاوسەری دروست دەکات و وای لە دەکات تامەزرۆی گۆڕانەوە و دیداری ئیمسکی بکات و تەمارکی نوێ لە مۆنتاژنتی کەماکە لە بارەی چەمکی ئازادی دەکاتەوە. دوای دوورکەوتنەوەی هاوسەرکەی، دەکەوێتە حاڵەتکی سەختی دەروونی و هەست بە تەنیاییکی زۆر دەکات و تاسە و بیری ئیمسکی و بیری گۆڕانەوە، هەموو بیر و خەیاڵی داگیر دەکات و سەرەڕای ئەوەی چەند پیاوکی تری وەک تکابوی و هیمنی و هیچی لە کاتی غیابی هاوسەرکەی لە دەوری کە دەبنەوە و دەیانەوێ دڵی بەدەست بهێنن. ئەو، تەنیایی و دووری و بیرکردنەی هاوسەرکەی وای لە دەکات بڕوات و بە دوایدا بگەڕێت تاکو بیدەزێتەوە.
بە ئەو مەبەستە سەردانی شاری ئۆیس و ماڵی هنیدا ستەمەی خاڵ و جیکەی خاڵژنەی و هاوڕێ و کەسە نزیکەکانی ئیمسکی دەکات و سەراخ و هەواڵی هاوسەرکەی دەپرسێت.
لەپاڵ چیرکی ئیمسکی و کەماکەی هاوسەری، کۆسایەتی تر و چیرکی تر دەبن بە تەواوکەری بەسەرهاتکانی ڕۆمانی قوتابخانەی ئازادی.
لە بەشکی تری قوتابخانەی ئازادی، نووسەر باس لەو گۆڕانکارییانە دەکات کە شکستی ژاپۆن لە جەنگ لەسەر کولتوور و ڕۆشنبیری و نەریتی ئەو وڵاتە دروستی کرد. ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر دابونەریت و ژیانی ژاپۆندا هاتن و گۆڕانکاری گەورەی لە ژیانی کەمایەتی و سیاسی و ئیداری و ئۆقیەتی تاکی ژاپۆنی دروست کرد و دید و تەوانینیان لە بارەی چەمکی ئازادی گۆڕا.
ئەو جەنگەی وەک نووسەر دەڵێت ئازادی لە بەرهەمی ئەو جەنگەدا دەست

کەوت و غەنیمەی ژنی ژاپۆنی بوو. هەروەها باس لە شوێن و مەکانەت و کارکردن و لەئێستەگرتنی ئەرکی بەخۆکردنی منداڵ و دووری لە هاوسەر و نەهامەتییەکانی ژنی ژاپۆنی دەکات لە کاتی جەنگی جیهانییەکە و دوای ئەو قۆناغە. ژاپۆنیش یەکێک بوو لەو وڵاتانەی چووە ناو ئەو جەنگە کاوکارییە و بە تراژیدیا و شکستێکی زەر گەورە لەی هاتەدەر و دوو شاری گەورەی(ناکازاکی و هیرۆشیما)، ووبەووی چەکی نەوەی بوونەوە لە لایەن ئەمریکاوە و سەتان هەزار قوربانی و بریندارێ لەکەوتەوە و زیانێکی زەریان بەرکەوت. ژنی ژاپۆنی تا پێش ئەو قۆناغە(جەنگی دووەمی جیهانی)، دەسەڵاتی سنوردار بوو و تەنها ڕۆڵی ژنی ماڵەوە و دایک و بەخێوکەرێکی وازی دەکرد و لە هەموو ڕوویەکەوە ژن دەبوا پشت بە پیاوەکەی ببەستێت و پیاو بەیاردەر و کەسی یەکەم و حاکمی ڕەها بوو لە ماڵەوە و ژیانی خەزانی لەژێر باروبەندی ئەقلییەتی پاتریارکی و نەرسالاریدا بوو. ئیدی دوای جەنگی دووەمی جیهانیی موعادەلەکان گۆڕان و چەمکی ژیان و ژن و واتای ئازادی پێیاننا قۆناغێکی تری تازە و جیاوازی پێشووتر و دوای ئەو قۆناغەی پێشووتر، ئیتر ژن دەیتوانی بە گۆڕانەوە بە پیاو پشت بە تواناکانی خۆی ببەستێت و لە زیندانی زهنییەتی پیاوسالاری و لە نەو چوار دیواری زیندانی ماڵەوە بتەدەر و کار بکات و بوونی خۆی بسەلمێنێت و بە نەرسالاران بڵێت ئەو هیچی کەمترنییە لە وان و پێویستە دووبارە خوێندنەوە بە نەریتەکانەکان و یاسای وڵات و دەسەڵاتی نەرسالاری بکرێت و کەمەگایەکی یەکسان دابەزرێت و کۆنسێپتی یەکسانی جەندەری تێیدا سەروەر بێت و ژن مافە فەمینستییەکانی خۆی هەموو بدەست بهێنێت. بە ڕاستی ئەو هاتنەدەرەوەیەی ژنی ژاپۆنی لە ماڵەوە شۆشک بوو بە خۆی و لە وەوە ژنی ژاپۆنی تێگەیشت کە ئازادی چییە و ئەو وەک ژنێک ڕێ و ئەرک و ماف و ئازادییەکانی چین. دەتوانین بڵێین کۆسایەتی کەماکە بەرجەستەکەری دوو قۆناغی جیاوازە لە ژاپۆن و ڕەهای ژیانی دوو نەوە وازی دەکات. نەوەی پێش جەنگ و نەوەی دوای جەنگ.

لە کاتێکدا کۆسایەتی(یەری)ی تەمەن هەژدەساڵ کە بەشداربوویەکی تری چیرۆکی ڕەمانکەیە، نموونەی ئەو کچ و ژنەژاپۆنییانەی وازی دەکات کە جەنگ قۆناغێکی تر و دژوارتێکی تری ژیانی بە ڕەخساندووە، کە تێیدا ئازادی خۆی بەدەست هێناوە و بە شێوازێکی تری جیاواز لەو قۆناغەی پێش جەنگ و نەمەتێکی تری ژیان ئەزموون دەکات و ستایلێکی تری پۆشاک دەپۆشێت و جگەرە دەکێشێت و پەیوەندی سێزداری دەبەستێت. بەشێک لە ڕەخنەگران پێیان وایە کۆسایەتی ئیسۆکی بەرجەستەکەری ژیانی نووسەر خۆیەتی. وەک چۆن ئیسۆکی ڕقی لە کارکردن و وەزیفەیە و لە کۆتایی ژیانیدا لە ماڵەوە چێشت لەدەنێت و جێک دەشوات و خۆی

بە کاری ماڵەوە تەرخان دەکات. لە کاتێکدا کەماکەی هاوسەری لە ڕێگای کارکردنی لە دەرەوە، دابینکردنی بژێوی ژیانی خێزانەکەی گرتووەتە ئەستۆ.
نووسەریش لە سەرەتای ژیانیدا هیچ داهاتێکی نابێت و ژنەکەی ئەرکی بژێوی ژیانی خێزانیان دەگرێتە ئەستۆ لە ڕێگای ئەو بڕە پارەیەی لە گوتنەوەی وانەی زمانی فەڕەنسی بەدەستی دەنێت.
ئەوە خوێندنەوەیەکی کورت بوو بە ڕەمانی قوتابخانەی ئازادی و بە هیوام ئەوەی من نەمتوانیبێت بیەێم و درکم پێی نەکردبێت، خوێنەر و لێکەلەری تری ئەدەبی لە دوای من تەواوی کات و تیشک بخاتە سەر هەر مەفهووم و مەجهوول و مەغزایەکی تری شاکارەکە، کە ئەمەمانان پێیمان پێی نەبردبێت و نەمانبینیبێت.